

«بۆ ئەوەی رۆژنامەگەری بەردەوام حەسانەی دەستوری هەبێت و سەرنجی خوێنەر و بینەر و بیسەر بۆ خۆی رابکێشێت، بەتەنها ئەوەندە بەس نیە رۆژنامەنووسان خۆیان پێیان وابێت کارێکی باش پیادەدەکەن.، بەڵکو دەبێت خوێنەر و بیسەر و بینەر، بگەنە ئەو قەناعەتەی کە رۆژنامەگەری رۆڵێکی سەرەکی و کاریگەر لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەگێرێت»

**جان شیڤەر – بەرێوەبەری سەنتەری (پیو) بۆ سیڤیک ژۆرنالیزم**




«میدیای سەربەخۆ دەتوانێت بەشدار بێت لە باشتر کردنی باری کۆمەڵگە و دەوڵەتان، بەلام بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم بەشداری یە بکات، دەبێت لەزۆر حاڵەتدا پرۆسەی باشکردنی خۆی دەست پێبکات»

**فردریک.دەبلیو. چیک**
**جێگری بەرێوەبەری**
**USAID**



# ڕۆژنامەگەری.. دەسەڵات و بەرپرسیارییەتییە

# ئەگەر دەسەڵاتەکەی چاودێریکردن بێت، بەرپرسیارییەتیەکەی ڕێگا پیشاندانە

**((بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەری بەردەوام حەسانەی دەستووری هەبێت و سەرنجی خوێنەر و بینەر و بیسەر بۆ خۆی ڕابکێشێت، بەتەنها ئەوەندە بەس نیە ڕۆژنامەنووسان خۆیان پێیان وابێت کارێکی باش پیادە دەکەن، بەڵکو دەبێت خوێنەر و بیسەر و بینەر، بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ڕۆژنامەگەری ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەر لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەگێڕێت))**

**جان شیڤەر**

***

پرۆفیسۆر فردریك.دەبلیو. چیك جێگری بەڕێوەبەری ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێو دەوڵەتی لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (ڕۆڵی میدیای سەربەخۆ لە بونیادی دیموکراتیدا Independent - Media's Role in Building Democracy) دەڵێت: (میدیای سەربەخۆ دەتوانێت بەشدار بێت لە باشتر کردنی باری کۆمەڵگە و دەوڵەتان، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم بەشداری یە بکات، دەبێت لەزۆر حاڵەتدا پرۆسەی باشکردنی خۆی دەست پێبکات)، ئەم گوتەیەی پرۆفیسۆر فردریك چیك، تەواو لەگەڵ ئەو گوتەیەی پرۆ فیسۆر جان شیڤەر یەکدەگرێتەوە کە لە پێشەکی ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەمان پێکردووە، لەبەر ئەوەی هەردوولا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەشداری کاریگەری میدیا لە بونیادی دیموکراتی و پێویستی کۆمەڵگەی دیموکراتی بۆ کاریگەری میدیا، پێویستی بەوەیە میدیا ڕۆڵێکی باش و بەرپرسیارانە بگێڕێت و خەڵك هەست بکات و بگاتە قەناعەت کە ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری میدیا لە کۆمەڵگەی دیموکراتی پێویستیەکە و ناتوانرێت دەستبەرداری بین.کەواتە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی میدیا لە کۆمەڵگەی دیموکراتی مەسەلەیەکە پەیوەندی بە هەموو کۆمەڵگەی دیموکراتیەکانی جیهانەوە هەیە و، میدیاش وەك دەسەڵاتێك کە دەبێت و پێو یستە هاوشانی سێ دەسەڵاتەکەی دیکە( یاسادانان، ڕاپەراندن،دادوەری) بەشدار بێت لەپرۆسەی حکومرانی وڵاتدا، لە وڵاتێکدا ڕۆژنامەگەری وەك دەسەڵاتی چوارەم بوونی نەبێت و ئەو وڵاتە دیموکراتی نیە، ئەگەر ڕۆژنامەگەریش ئەو دەسەڵاتەی بەرپرسیارانە بەکار نەهێنا، ئەوا وەك جۆزیف پۆلیتز سەرنوسەری ڕۆژنامەی نیۆرك وۆرلد دەڵێت: (کۆمارە ئازادەکەمان و ڕۆژنامەگەریمان پێکەوە لەیەك کاتدا بوونیان دەبێت و پێکەوە هەرەس دەهێنن ) ئەمە لەسەر ئەو خەڵاتە نووسراوە کە پێی دەگوترێت خەڵاتی پۆلیتزر کە گەورەترین خەڵاتە دەدرێت بە ڕۆژنامەنووسان، ووردبوونەوە لەم گوتە بەرزەی پۆلیتزر ئەوەمان پیدەڵێت ئەگەر ڕۆژنامەگەری وەك دەسەڵاتی چوارەم بەرپرسانە دەسەڵاتەکەی خۆی بەکار نەهێناو ئەوە خۆی کۆمارە ئازادەکەی ئەمریکا پێکەوە دەرۆوخێنێت و ئەگەر بەرپرسیارانەش دەسەڵاتەکەی بەکارهێنا ئەوا ڕۆژنامەگەری و کۆمارە ئازادەکە پیکەوە بونیان دەبێت.هەر بۆیە کاتێك ١٨٩٢ پۆلیتز هەستی کرد، پێویستە ئەوانەی کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن، دەبێت زانست و هونەری ڕۆژنامەنووسی فێربن، ١١٨ ساڵ لەمەوبەر پۆلیتزر بەم وشانە پێشنیارەکەی پێشکەشی زانکۆی کۆلۆمبیا کردبوو: (( ڕۆژنامەگەر سەنگین، دەستپاك، ئەو ڕۆژنامەگەریەی بایەخ بە بەرژەوەندی گشتی دەدات،دەبێت ئەقڵێکی زیرەکی لەپشتەوەبێت و بەجۆریك لە مەعریفە مەشقدرابێت، ڕاستە ئەو ڕۆژنامەگەریە دەتوانێت ئەوەی دەیەوێت بەدەستی بهێنێت و پارێزگاری بە بەها بەرزە گشتیەکانەوە بکات، بەبێ ئەوە حکومەتی میللی نوێنەرایەتی دەبێتە شتێکی شکڵی و جێگەی گاڵتەجاڕی، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەگەری کە گومان لەسەر بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی دروست دەکات،دەبێتە ڕۆژنامەگەریی ئاژاوەگێڕی و یاخی، ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەریە بە تێپەڕبوونی کات گەلێکی خراپی وەك خۆی بەرهەمدەهێنێت،بۆیە دەسەڵاتی دارشتنەوەی ئایندەی کۆمارەکەمان لەدەستی نەوەی داهاتووی ڕۆژنامەنووسەکانماندا دەبێت))، بەڵام لەبەرامبەر ئەم پێشنیارە سەنگینە بزانین ١١٨ ساڵ لەمەوبەر کاتێك ئەنجوومەنی زانکۆی کۆلۆمبیا پێشنیارەکەی پۆلیتزریان ڕەتکردەوە چۆن وەڵامیان دایەوە؟ بێگومان پرۆ فیسۆر ولیام، ئێف، وو لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (ڕۆژنامەگەری بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی) بەمجۆرە ئاماژەی بۆ پێشوازیکردنی پێشنیارەکەی پۆلیتز کردووە: ((لەو سەردەمەدا خەڵك دەیان پرسی، ئایا چ پێویستیەك هەیە زانکۆ مەشق بە ڕۆژنامەنووسان بکات؟ لەو سەردەمە ڕۆژنامەنووسان ئەو خەڵکە نەگبەتانەبوون کە هەمووکات دەستیان مەرەکەباویی بوو،لەباشترین حاڵەتدا کاری ڕۆژنامەگەری پیشەیەك بوو، پێیان وابوو مرۆڤ بە مومارەسە فێری دەبن،بۆیە گاڵتەیان بەوە دەهات ڕۆژنامەنووسان لە ریزی زانا و ئەدیبەکان لەقەڵەمبدرێت،لەبەر ئەم هۆکارانە ئەنجوومەنی زانکۆی کۆلۆمبیا پێشنیارەکەیان ڕەتکردەوە)) پۆلیتزر ئەو ئاواتەی بردە ژێرگڵ و کۆلێژی ڕۆژنامەگەری نەبینی،

**میدیای سەربەخۆ دەتوانێت بەشدار بێت لە باشتر کردنی باری کۆمەڵگە و دەوڵەتان، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم بەشداری یە بکات، دەبێت لەزۆر حاڵەتدا پرۆسەی باشکردنی خۆی دەست پێبکات**

لەبەر ئەوەی لەساڵی ١٩١٢ کاتێك زانکۆی کۆلۆمبیا گەیشتنە قەناعەت و پێشنیارەکەی پۆلیتزەری قبوڵ کرد، پۆلیتزەر کۆچی دوایی کرد و کردنەوەی یەکەم کۆلێژی رۆژنامەگەری لە ئەمریکا نەبینی،بەڵام ئەوەی بووە خاڵێکی نەمری لە مێژووی پۆلیزەر و خەڵاتێك بۆ رۆژنامەگەری ئازاد ئەوەبوو هەموو جیهانی دیموکراتی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی دەبێت رۆژنامەنووسان ئەو ئەقڵە زیرەکەی کۆمەڵگە بن بەرپرسیاریەتیەوە مامەڵە لەگەڵ ئازادی و کۆمەڵگەی دیموکراتی بکەن، ئەم پێشنیارەی پۆلیتزر وایکرد پێویستی کۆمەڵگەی ئازاد بۆ رۆژنامەگەری ئازاد لە پێویستی حکومەت گرنگتر بێت، سەرۆك ئۆباما لە ٢٠٠٩/٥/١ و بە بۆنەی رۆژی جیهانی ئازادی رۆژنامەگەریەوە بەمجۆرە پشتگیری لە ئازادی رۆژنامەگەری دەکات و دەڵێت: ((ئەمرۆ دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی هەموو پیاوان و ژنانی رۆژنامەنووس،سەرسامم بەو هەوڵانەی بۆ ئاشکراکردنی راستییەکان دەیدەن و لێپرسینەوە لە جیهاندا دەچەسپێنن، بۆیە من جارێکی دیکە ئەو وتانەی تۆماس جیفرسۆن دووبارە دەکەمەوە کە دەڵێت: ((لەبەر ئەوەی بنەمای حکومەتەکەمان رای گەلە، ئەوا ئامانجی یەکەمان پارێزگاریکردنە لەو مافە،ئەگەر سەرپشك بکرێم لەوەی لە نێوان - حکومەتمان هەبێت بەبێ رۆژنامە، رۆژنامەمان هەبێت بەبێ حکومەت- من یەك سات دوو دڵنابم بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی رۆژنامەمان هەبێت و حکومەتمان نەبێت)، جەختکردنەوەی سەرۆك ئۆباما دوای زیاتر لە ٢٢٠ ساڵ لەسەر گووتەکەی جیفرسۆن بەوەی حکومەتی دیموکراتی بەبێ رۆژنامەگەری ئازاد نەبوونی باشترە، بۆیە رۆژنامەگەری ئازاد بەبێ حکومەت هەڵدەبژێرێت، ئەمە مانای ئەوەیە بەرپرسیاریەتی رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا لەبەر پرسیاریەتی حکومەت گەورەترە، هەروەها دەسەڵاتەکەشی لە حکومەت گەورەترە، بۆیە لەدەستووری ئەمریکی بەدەق هاتووە( کۆنگرێس نابێت هیچ یاسایەك دەربکات، ئازادی رۆژنامەگەری سنوردار بکات)، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك دەستووری ئەمریکی رێگە بە کۆنگرێس نەدات هیچ یاسایەك دەربکات کاروباری رۆژنامەگەری رێکبخات یان سنور بۆ ئازادی رۆژنامەگەری دابنێت، ئایا چۆن بەبێ یاسا ئازادی دەپارێزرێت و رۆژنامەگەری چۆن رۆڵی خۆی لە بونیادی دیموکراتی و پاراستنی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەگێرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە پرۆفیسۆر جان شیڤەر دەڵێت: لە زۆربەی وڵاتانی جیهان حکومەت رۆڵی سەرەکی بۆ رێکخستنی هۆیەکانی راگەیاند دەگێرێت، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ رێکخستنی ئەم بوارە گرنگە پشت بە هێزی بازار و ململانێی و هەستکردن بەبەرپرسیاریەتی و کۆمەڵێك خاڵی زۆر گرنگ و پێشکەتوو کە پێی دەڵێن ئەخلاقی رۆژنامەوانی، ( Code of Ethics) ئەمە بۆتە یاسا و دەستووری رۆژنامەنوسی پرۆفیشناڵ و خودی پاکتەکش لەلایەن کۆمەڵگەی رۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵەکانەوە (Society of Professional Journalists) دارێژراوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی دیکە لێرەدا دەوروژێت ئەوەیە، ئایا هەموو رۆژنامەنووسان بەم پاکتە ئەخلاقیەوە پابەندن؟ ئایا ئەگەر پابەند نەبن بەو پاکتە ئەخلاقیەوە یاسا دەست تێوەردات و ئەو پێشلکاریە رادەگرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێن بەڵی دادگا بەیاسا ئەو پێشلکاریە راست دەکاتەوە، بەڵام لەم کاتەدا کە رۆژنامەنووس پاکتی ئەخلاقی رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ پێشێل دەکات، خۆی حەسانەی رۆژنامەنووس لەسەر خۆی هەڵدەگرێت و یاسا وەك هاوڵاتیەکی ئاسایی کە دەستدرێژی کردبێتە سەر ئازادیەکانی تاك یان( کەسە مەعنەویەکان) مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەزگاکانی میدیاش وەك هەرکۆمپانیایەکی بزنس مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن رۆژنامەنووس حەسانەی رۆژنامەگەری لەسەر هەڵدەگیرێت و هیچ حسابێکی تایبەتی لەبەردەم یاسا بۆ ناکرێت؟ بێگومان لەبەر ئەوەی رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ لەناو ئەو پاکتە ئەخلاقیەی کۆمەڵگەی رۆژنامەنووسانی پرۆفیشناڵ دیاریکردووە، حەسانەی رۆژنامەنووسی لەبەردەم یاسا هەیە، بۆیە کاتێك ئەو پاکتە ئەخلاقیە دەشکێنێت و هێرش دەکاتە سەر مافی بەرامبەر ئەوا خۆی لەژێر ئەو پاکتە دێتە دەرەوە و حەسانەی رۆژنامەنووسی لەسەر خۆی لادەبات، بۆیە یاسا وەك کەسێکی تۆمەتبار بە پێشلکردنی ئازادیەکان و وەك هاوڵاتیەکی ئاسایی دادگایی دەکات.،بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە هەر لایەك شکاتی لە رۆژنامەنووسێك کرد و بەوە تۆمەتباری کرد پاکتی ئەخلاقی رۆژنامەنووسی



دەبێت رۆژنامەنووسان ئەو ئەقڵە زیرەکەی کۆمەڵگە بن بەرپرسیاریەتیەوە مامەڵە لەگەڵ ئازادی و کۆمەڵگەی دیموکراتی بکەن

پێشـــێلکردووە،یان بەجۆرێـــك بڕگەکانی پاکتی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی تەفسیر کرد، ئیـــدی ڕۆژنامەنووس وەك تاوانبار ســـەیردەکرێت و دادگایی کردووە، نەخێر لـــەم حاڵەتەدا کە گومان هەیە لەســـەر تەفسیرکردنی ئەو بڕگانە، ئەوا لەم حاڵەتەدا دادگا بەپێی یاســـا بڕگەکان تەفســـیر دەکات و لە زۆر حاڵەتیشـــدا بڕیارەکانی دادگا کۆمەڵێك تەفسیری نادروستی بۆ تۆمەتبارکردنی ڕۆژنامەنووسەکە راســـتکردۆتەوە،هەر بـــۆ نموونە ڕۆژنامەنووســـێك دەچێتـــە ئەفغانســـتان و دیمانەیـــەك لە ئوســـامە بـــن لادنی ســـەرۆکی ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆرست دەکات، ئەگـــەر ڕۆژنامەنووســـەکە دیمانەکەی بەوجۆرە نەبێت ئوســـامە بن لادن لە تیرۆریســـت دابماڵێت، ئەوا کاری ڕۆژنامەوانی خۆی ئەنجامداوەو حکومەتی ئەمریکاش پێی ناخۆش بێت، یاســـا ڕۆژنامەنووســـەکە دەپارێزێـــت، بەڵام ئەگەر لە پیشـــەکەی خۆی لایـــدا و ڕێکلامی بۆ تیرۆر کرد، ئەوا یاسا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات و سزای دەدات.

ئەم باکگراوندە بۆ تێگەیشـــتن لەکاری ڕۆژنامەگەری وەك دەســـەڵاتی چوارەم، بـــەو مەبەســـتە ئاماژەمـــان پێکرد کە دەبێت هەر دەســـەڵاتێك چۆن خوازیاری ئەوەیـــە کەدەســـەڵاتی هەبێـــت، دەبێت لەهەمانکاتـــدا بەرپرســـیارانەش مامەڵە لەگەڵ دەســـەڵاتەکەی خـــۆی بکات، لێرەوە بەو ئاراســـتەیە پرسیارێکی دیکە دەورژێنین، ئایا ڕۆڵـــی ڕۆژنامەگەری لە پرۆســـەی بونیادی دیموکراتی چی یە و ڕۆژنامەنوس لە پرۆســـەی بونیادی دیموکراتیـــدا چۆن بەرپرســـانە بەرامبەر پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و سیستمە دیموکراتیەکە هەنگاو هەڵدەگرێت؟

## ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری
## لە بونیادی کۆمەڵگەی دیموکراتیدا

لـــەم قۆناخـــەی ئێســـتا هەرێمـــی کوردســـتان پێـــدا تێدەپەرێت،خەمی سەرەکی ڕۆژنامەنووسان و دەسەڵات و هاوڵاتیانیش ئەوەیە چۆن هەمموو لایەك بگەن هاودەنگیەك بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەریەکـــی کاریگـــەر و ئـــازاد دەربکەویت،ئەمەش مانای ئەوەیە هەرسێ لا( ڕۆژنامەنووسان، دەســـەڵات، هاوڵاتیان) بۆچونێکی هاوبەشـــیان هەیە کە ئەم ئاســـتەی ئێستای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان پێدا تێدەپەرێت، ئاستێکی پەسەند نیە و ڕۆژنامەگـــەری نەیتوانیوە ببێتە ئەو پێویســـتیەی کـــە کۆمەڵگەی دیموکراتی پێویستی پێیەتی، کەواتە پێداچوونەوە بە کاری ڕۆژنامەگەری، ئەمە لەگـــەڵ ئـــەوەی هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و دەسەڵات بۆچوونی جیاوازیان لەســـەر ئەم پرســـە هەیە، هەموو لەو خاڵە هاودەنگن کە پێویستە چاو بە کاری ڕۆژنامەوانی بخشێنرێتەوە و ڕۆژنامەوانی بە یاسا ڕیك بخرێتەوە.

بـــەڵام ئـــەوەی ئـــەم راپۆرتـــە زیاتـــر هەڵوەستەی لەســـەر دەکات،زیاتر لایەنی ڕۆژنامەگەرییـــە، بۆیە پرســـیارەکانمان بەو ئاراستەیە ئایا ڕۆژنامەنووسان چۆن خۆیان ڕێکدەخەنەوە؟ ئایا ڕۆژنامەنووسان چ پرۆژەیـــەك ئامادە دەکـــەن بۆ ئەوەی گۆڕانکاریەك لە بواری ڕۆژنامەگەری دروست بکەن؟ ئایا تاچەند ڕۆژنامەگەری لە کوردســـتان کە ئومێدی ئەوەیە ببێتە دەســـەڵاتی چوارەم، تاچەند بەرپرسیارانە ئەم دەســـەڵاتە پیـــادەدەکات؟ ئایا چۆن رایەڵەیەك لەگەڵ ســـێ دەســـەڵاتەکەی دیکە( یاســـادانان، حکومەت، دادوەری) دروســـت دەکات بەشـــداری لە پرۆسەی بونیادنـــەوە و سەرخســـتنی پرۆســـەی دیموکراتی لەم وڵاتە دەکات؟ ئایا تاچەند ڕۆژنامەنووســـان هەوڵـــدەدەن هاوڵاتیان هاندەدەن بەشـــداری لەپرۆسەی سیاسیی وڵاتـــدا بکەن و گەل خـــۆی حکومرانی خۆی بکات؟،ئایا ڕۆژنامەنووسان بەردەوام دەبن لەســـەر چەند پێناسەیەك بۆ کاری ڕۆژنامەگەری و ئەوەی لە دەرەوەی ئەو پێناسانە بوو، وەك دژایەتیکردن بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری ســـەیری دەکات؟ئەمانە و چەندیـــن پرســـیاری دیکـــە ئەگەر بەووردی هەڵوەســـتەیان لەسەر بکەین و ڕۆژنامەنووسان هەوڵبدەن لە خوێندنەوەیان بۆ واقیعی ئێســـتای کوردستان وەڵامی بدەنـــەوەو بەرپرســـیارانە مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئێستا بکەن، دەبینن ئەو قسەیەی تۆماس جیفرسۆن بۆ ئێمەش ڕاست دەبێت، ئەگەر ئەوا ئێمـــەش لە نێوان حکومەتی بێ ڕۆژنامەگەری، ڕۆژنامەگەری بێ حکومەت، ئـــەوای دواییان هەڵدەبژێرین، هۆکارەکەشـــی ئاســـانە لەبـــەر ئەوەی ڕۆژنامەگەری لەمجۆرە دەبێتە هۆکاری ئەوەی گەل خۆی حکومرانی خۆی بکات و ئامانجی حکومەتی دیموکراتیش هەر ئەوەندیە گەل خـــۆی حکومرانی خۆی بکات، بەڵام ئیشـــکالیەت لێرەدا ئەوەیە کە وەڵامی ئەو پرســـیارانە پێشـــتر وەك ڕۆژنامەنووس لـــە خۆمانمان کرد، لەبەر ڕۆشنایی چەند پێناســـەیەکی مێژووی

**ئەم ئاستەی ئێستای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان پێدا تێدەپەرێت، ئاستێکی پەسەند نیە و ڕۆژنامەگەری نەیتوانیوە ببێتە ئەو پێویستیەی کە کۆمەڵگەی دیموکراتی پێویستی پێیەتی**



رۆژنامەگەری لە دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی بدەینەوە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە هەندێکیان بکەم:

**١-** ئەگەر وای دابنێین وەك رۆژنامەگەری سەدەی نۆزدە و بیستی ئەمریکا، خاوەنی دەزگا رۆژنامەوانیەکە یان سەرنوسەر مافی خۆیەتی ئەوەی بەخێری گشتی دەزانێت بڵاویبکاتەوە و ئامانجی ئەوە بێت زۆرترین رێکلام بڵاوبکاتەوە بۆ ئەوەی بودجەی دەزگا رۆژنامەوانیەکەی دابین بکات، بێگومان ئەمە بەشێکی راستە و جۆرێکە لە رۆژنامەگەری تەقلیدی، بەڵام کاری رۆژنامەگەری لەمە گەورەترە.

**٢-** ئەگەر وای دابنێین کاری رۆژنامەوانی دەسکەوتنی زانیاری سەیر و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە نهێنیەکان، هەروەك چۆن لەدوای کوشتنی جۆن کیندی و لەدوای کارەساتەکەی بیل کلینتۆن، وێنەگرە رۆژنامەنووسەکان بۆ گرتنی وێنەیەك کەمینیان دادەنا، ئەمەش لەوانەیە تەنها بۆ رۆژنامەنووس و رۆژنامەکە گرنگ بێت، بەڵام ئەمە بەجۆرێك لە رۆژنامەگەری هێرشبەر لە قەڵەم دەدرێت، لەوانەیە زۆر پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە نەبێت، بێگومان نابێ ئەمە بەوجۆرە تەفسیر بکرێت، کە هەوڵدانی رۆژنامەنووس بۆ دەسکەوتنی زانیاری یان وێنەیەکی رۆژنامەنووسی کارێکی خراپە، نەخێر زۆر وێنەی رۆژنامەوانی جیهانی هەژاندووە و زۆر جاریش لە پێناو دەسکەوتنی وێنەیەکدا چەندین رۆژنامەنووس گیانی خۆیان خستۆتە مەترسی، بۆیە مەبەستی ئێمە بەکەمگرتنی ئەو هەوڵانە نیە، بەڵکو مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە رۆڵی رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگە تەنها ئەوە نییە.

**٣-** ئەگەر وای دابنێین، کاری رۆژنامەوانی تەنها پاسەوانی و چاودێریکردنی حکومەتە، کە ئەمەیان هەتا ئێستاش گەوهەری کاری رۆژنامەگەری جیهانی یە و وەك ئۆباما ساڵی پار لە رۆژی ئازادی رۆژنامەگەری جیهانی ئاماژەی پێکرد ئەمە چەسپاندی لێپرسینەوەیە لە جیهاندا، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چاودێریکردنی حکومەت لە پێناوی چیدا؟ ئایا لە پێناوی ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەین یان تەنها کێشەکان بخەینەروو؟

**٤-** ئایا ناکرێت دوای خستنەرووی ئەم شێوازانە بیر لەوە بکرێتەوە رۆژنامەگەری بەدوای بوارێکی دیکە بگەڕێت و زیاتر رۆڵی خۆی لە چەسپاندی یاسا و بونیادی دیموکراتی بگێڕێت؟.

بێگومان سەنتەری پیو(PWE) بۆ سیڤیك ژۆرنالیزم وەڵامی ئەم پرسیارانەی گرێداوەتەوە بە دووخاڵی گرنگەوە کە بریتین لە:

یەکەم: ئەگەر رۆژنامەگەری کارەکانی خۆی بەشێوازی جیاواز جێبەجێ کرد، ئەوا هاوڵاتیانیش کارەکانی خۆیان بە شێوازی جیاواز جێبەجێ دەکەن.

دووەم: کاتێك تۆوی داهێنان لە ژوورەکانی نووسینی رۆژنامەگەری دەچێنین، بیری داهێنان دەدروێنەوە.

ئەم دووخاڵە رۆژنامەنووسان هاندەدا چۆن هەوڵبدەن شێوازی جیاواز پیادە بکەن بۆ ئەوەی کاردانەوەی خەڵك بۆ پێویستی رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەی دیموکراتی هەست پێبکەن، بەڵام پیادەکردنی شێوازی جیاواز بۆ کاری رۆژنامەگەری لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت، بێگومان لە چاندنی تۆوی داهێنان لەناو ژوورەکانی نووسینی رۆژنامەگەریەوە، بۆ ئەوەی بیری داهێنان لەناو خەڵك بدورێتەوە، ئەم دووخاڵە رۆژنامەنووس لە کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگ کە رایەڵەی نێوان رۆژنامەنووس و خەڵك پێکەوە گرێدەداتەوە هۆشیار دەکاتەوە، کاتێك رۆژنامەنووس وا هەست دەکات کارێکی باشی کردووە و رەنگدانەوەی لای خەڵك بەو ئاستە نیە، ئەوا دەبێت بزانێت کەموکورتیەك لە کارەکەی هەیە، لەم حاڵەتەدا رۆژنامەنووسەکە دەگەڕێتەوە بۆ ژووری نووسینی رۆژنامەکە و دەگەڕێت بزانێت لە کوێدا هەڵەی کردووە ؟ بۆچی ئەوەی رۆژنامەنووسەکە بە تۆوی داهێنانی دەزانێت و لە ژووری نووسین چاندویەتی بیری داهێنانی بەرهەم نەهێناوە؟ کەواتە زۆر جار کە رۆژنامەنووس بەرێگەی هەواڵ و ریپۆرتاژەکانی کۆمەڵێك زانیاری دەگەیەنێتە دەستی هاوڵاتی مەبەستێتی هاوڵاتیەکەش ئەو زانیاریانە ببێنێت، ئەمە تەنها هەنگاوێکی دروستی رۆژنامەگەریە کە ئەرکی سەرشانیەتی زانیاری دروست بگەیەنێتە هاوڵاتی، بەڵام کاتێك ئەم زانیاریانە دێتە بەردەستی هاوڵاتی و هاوڵاتی تەنها

**کاتێک رۆژنامەنووس وا هەست دەکات کارێکی باشی کردووە و رەنگدانەوەی لای خەڵک بەو ئاستە نیە، ئەوا دەبێت بزانێت کەموکورتیەک لە کارەکەی هەیە**



وەك بینەر سەیری ڕووداوەكە دەكات، واتە یەكەمجار ڕۆژنامەنووسەكە خۆی لە بازنەیەكی بێ لایەن لە كێشەكە ڕاگرتووە و تەنها ئەركی خۆی بە گەیەنەری زانیاریەكان دیاریكردووە،بۆیە هاوڵاتیش وەك بینەرێك بەدیار زانیارییەكانەوە دادەنێت و تەنها سەیریان دەكات، ئەمە چەند جارێك سەرنجی هاوڵاتی بۆ ئەم حاڵەتە ڕادەكێشێت دوای دووبارە بوونەوەی چەندجارەی،هاوڵاتی وەك شتێكی ئاسایی سەیری دەكات، بۆیە لەم كاتەدا پێویستە ڕۆژنامەنووسان ئەو پرسیارە لە خۆیان بكەن، ئایا كاری ڕۆژنامەنووسی بێ لایەنیە لە كێشەكان، یان كاری ڕۆژنامەنووسی هەوڵێكە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان؟ئەگەر ڕۆژنامەگەری وەك هەوڵی یەكەم گەران بێت بۆ دەسنیشانكردنی كێشەكان، ئەوا هەنگاوی دووەمی هەوڵدان دەبێت بۆ چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەكان، چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەكانیش لەڕێگەی ڕۆژنامەكەی خۆیەوە بە تەنها نە، بەڵكو بەڕێگەی ئاراستەكردنی خەڵك بۆ چۆنیەتی بەشداریكردن لە پرۆسەی سیاسی وڵات و بەشداریكردن لە چارەسەركردنی كێشەكان و بەشداریكردنی هاوڵاتیان لە بریاری سیاسی، ئەمەش واتە هەوڵی ڕۆژنامەگەری بۆ ئەوەیە گەل بە كردەیی خۆی حكومرانی خۆی بكات، ئەگەر ڕۆژنامەنووس یان ڕۆژنامەگەری بەشێوەیەكی گشتی بتوانێت ئەم ئەركە بەسەركەتوویی لە كۆمەڵگە جێبەجێ بكات، ئەوا پێگەی خۆی وەك پێویستیەك لە بونیادی دیموكراتی و پاراستنی سیستمی دیموكراتی دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەگەر ئامانجی تەنها ئەوە بێت زۆنێكی بێ لایەن بۆخۆی دروست بكات و تەنها ئەوەی دەزگا ڕۆژنامەوانیەكە بە باشی دەزانێت بڵاوی بكاتەوە ئەوا لەم حاڵەتەدا بوون و نەبوونی ئەو شێوە ڕۆژنامەگەریە وەك یەك لیدەكات، هەر بۆیە شێوازی كاریگەری ڕۆژنامەگەری لە كۆمەڵگەی دیموكراتی، تێڕوانینی ڕۆژنامەنووس بۆ مانای هەواڵ و ریپۆرتاژ فراوان دەكات و ڕۆژنامەنووس چۆن بە بایەخ بە ناكۆكیەكانی ناو كۆبوونەوەیەك دەدات و هەوڵەكانی بۆ ئەوەیە هۆكارەكانی پشتی پەردەی ئەو ناكۆكیانە بۆ هاوڵاتیان ئاشكرا بكات، لەهەمانكاتدا ئەگەر لە كۆبوونەوەیەكدا لایەنەكان گەیشتنە ڕێككەوتنیش، دیسان كاری ڕۆژنامەنووس تەواو نابێت وهەوڵدەدات هۆكارەكانی پشتی پەردەی ئەو ڕێككەوتنە بۆ هاوڵاتی دیاری بكات، هەر بۆنموونە لەدوای هەڵبژاردنەكانی ٧ی ئادار، ئەوەی جێگەی دڵخۆشی هەموو لایەكە، كە قەوارە سیاسیەكانی كوردستان هەموویان لەسەر ئەوە ڕێككەوتوون كە بەیەك دەنگی و یەك هەڵوێستی بەشداری پرۆسەی سیاسی ئاییندەی عێراق و پێكهێنانی حكومەتی ئاییندەی عێراق بكەن، ئەمە ڕووداوێكی گرنگە و پێویستە جێگەی بایەخی هەموو دەزگا ڕۆژنامەنووسیەكانی كوردستان بێت، دەبێت ڕۆژنامەنووس بەدوای ئەو فاكتەرانە بگەڕێت كەوای لەهەموو قەوارەكان كرد لەم قۆناخە ئەم هاودەنگیە دروست بكەن، بێگومان هەوڵدان بۆ ئاشكراكردنی هۆكارەكانی پشتی پەردەی بەو ڕێككەوتنە، مەسەلە تەنازولی ئەم لایەن بۆ ئەو لایەن نیە، بەڵكو مەسەلەكە نیشانەی پێگەیشتووی ئاستی سیاسەتمەدارانی ئێمەیە لە ئاستی كێشە چارەنووسسازەكان، لە ئاستی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و قوربانیدان بە بەرژەوەندی حزبی و سیاسی لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا، سەیر بكەن ئەگەر ڕۆژنامەنووسان ئەگەر هۆكاری هاندەر بۆ هەموو لایەنەكان لە پێناوی ئەم ڕێككەوتنە بۆ هاوڵاتیان بخەنەروو و پیشانی بدەن، كە لایەنە سیاسیەكانی كوردستان بە جیاوازی بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی و بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە لەسەر پرسە چارەنوسسازەكان هاودەنگ و هاوهەڵوێستن و لە نێو جیاوازیەكانی خۆیاندا خاڵە هاوبەشە نیشتمانیەكان دەدۆزنەوە، ئەگەر بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەكان و پێشهاتەكان بكرێت و ئەوەی هاوڵاتی بەپێویستی دەزانیت بیزانیت، ڕۆژنامەگەری بیخاتە بەردەستی، ئەوا هاوڵاتیان ڕۆژنامەگەری بە پێویستیەكی ژیانی ڕۆژانەیان دەزانن، ڕۆژنامەگەریش لەئاستی هەموو گۆڕانكاریەكان و ڕووداوەكانی كۆمەڵگە خۆی بەبەرپرسیار دەزانێت و بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ دەكات و خەڵكیش ڕێز لە دەسەڵاتەكەی دەگرێت و پشتگیری لێدەكات.



**ئایا كاری ڕۆژنامەنووسی بێ لایەنیە لە كێشەكان، یان كاری ڕۆژنامەنووسی هەوڵێكە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان؟**

**کیڤن سمیس سەرۆکی کۆمەڵگەی رۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵەکان بۆ گوڵان:**

# هاووڵاتیان سەرچاوەی دەسەڵاتی ئەو کەسانەن کە پۆستی حکومەتیان بەدەستەوەیە سەرچاوەی دەسەڵاتی هاووڵاتیانیش، ئەو زانیاریانەن کە رۆژنامە پێیان دەدەن




راگەیاندن رایەڵی نێوان ئەو کەسانەیە کە دەسەڵاتیان هەیە لەگەڵ هاووڵاتیاندا کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە نییە

پرۆفیسۆر کیمس سمیس ئوستادی رۆژنامەوانییە لە زانکۆی فایەر ماونت ستەیت، ماوەی ٣٠ ساڵە ئەندامی کۆمەڵگەی رۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵەکانە Society of Professional Journalists لە ٢٩ی ئابی ٢٠٠٩ و لە سەدەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵگەی رۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵەکان شەرەفی سەرۆکایەتی ئەم رێکخراوەی پێسپێردراوە کە گەورەترین رێکخراوی رۆژنامەنووسانە لە ئەمەریکادا، بۆ قسەکردن سەبارەت بە رۆڵی میدیا لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و راڤەکردنی دەسەڵاتی میدیا لە کۆمەڵگە و هەستکردنی میدیا بە بەرپرسیاریەتی، بە پێویستمان زانی ئەم دیمانە تایبەتیە لەگەڵ سەرۆکی رێکخراوی کۆمەڵگەی رۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵەکانی جیهان بکەین کەئەمە دەقەکەیەتی.

*** ئایا بەشێوەیەکی گشتی گرنگی دەزگاکانی ڕاگەیاندن چین، یاخود ئێمە دەزانین کە ڕاگەیاندن یەکێکە لە ڕەمزەکانی دیموکراسی و یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی ئینتیقالی لە کۆمەڵگە تازە گەشەکردووەکاندا، ئایا ڕۆڵ و کاریگەری و بەرپرسیاریتی ڕاگەیاندن لەم قۆناغەدا چییە؟**

- لە ڕاستیدا ڕۆژنامەگەری ئازاد ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەرەوپێشبردنی هەموو کۆمەڵگەیەکدا، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا، لەبەر ئەوەی ئەو زانیاریانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ هاووڵاتیانی دابین دەکەن سەرچاوەی هێزن، توانای ئەوەیان پێدەدات کە بڕیار لەسەر حکومەت و ژیانی خۆیان و ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگەکە بدەن. ئێمە دەزانین ئەم زانیاریانەش لە حکومەتەوە نایەن، بەڵکو لە ڕۆژنامەکانەوە دێن، لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی ڕۆژنامەکانە کە هەڵبستن بە چاودێریکردنی بارودۆخەکە و پێدانی هەواڵ و زانیاری لەسەر هەموو ڕووداوەکان بۆ هاووڵاتیان. ئێمە وتەیەکمان هەیە کە دەڵێت «مەعریفە دەسەڵاتە»، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە لە هەر وڵاتێکدا دەسەڵاتێك بیەوێت بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵبگرێت، زانیاری لە هاووڵاتیان دەبڕێت، واتە هەڵدەستێت بە داماڵینی ئەم چەکە لە هاووڵاتیان.

*** وتەیەك هەیە دەڵێت کۆمەڵگە گەشەکردووەکان لە ڕێی مەعریفەوە وڵاتەکەی خۆیان دەپارێزن نەك لە ڕێی هێزی سەربازییەوە، ئایا ڕاوبۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟ لەلایەکی دیکەوە چۆن دەتوانرێت لە کۆمەڵگە تازەگەشەکردووەکاندا کە لە قۆناغی ئینتیقالیدان دەتوانرێت سەرچاوەی مەعریفە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دابین بکرێت؟**

- پێموایە ڕاگەیاندن بەشێکی دانەبڕاوە لەم مەسەلەیە و دەبێت لە ئاستی بەرپرسیاریتیدا بێت و ڕاستییەکان بە هاووڵاتیان بگەیەنێت، مەبەستم ئەوەیە هەمیشە ململانێی لەسەر دەسەڵات هەیە، کە لەم ڕووەوە ڕاگەیاندن ڕایەڵی نێوان ئەو کەسانەیە کە دەسەڵاتیان هەیە لەگەڵ هاووڵاتیاندا کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە نییە، لەم ڕووەوە ڕاگەیاندن هەڵدەستێت بە دابینکردنی ئەو زانیاریانەی کە هاووڵاتیان پێویستیان پێیەتی بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بڕیار لە ژیانی خۆیان بدەن. ناتوانم بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەیەك بهێنمە بەرچاوی خۆم ئەگەر هاتوو ڕاگەیاندن ڕۆڵی لەو پرۆسەیەدا نەبووبێت، هەروەها ئەگەر ڕاگەیاندن ئازاد نەبێت و ڕێگە نەدرێت ئەرکی خۆی ئەدا بکات، ئەوا هەموو شتێك لە تاریکیدا بەڕێوەدەچێت، لەبەر ئەوە من باوەڕم وایە دەبێت تێکڕای دەزگاکانی دەوڵەت هاوکاری ڕۆژنامەکان بکەن لە پێدانی زانیاری ڕاست و دروست پێیان.

*** هەندێ جار لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و لە قۆناغی ئینتیقالیدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرپرسیارانە ڕەفتار ناکەن، بۆ نموونە لە بری ئەوەی ببنە هۆکارێکی یارمەتیدەر لە سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، دەبنە کۆسپ و ئاستەنگ لەم ڕووەوە، ئایا چۆن دەتوانین ڕۆڵی ئەم دەزگایانە بگۆڕین بە ڕۆڵێکی ئیجابی و یارمەتیدەر؟**

- ئەرکی ڕاگەیاندن خستنەڕووی زانیاری و هەواڵە لە بارەی هەموو مەسەلەکانەوە، واتە دەبێت بوار بە ڕاگەیاندن بدرێت تەغتیەی تێکڕای بوارەکان بکات، لەم ڕووەوە دەبێت ئەوەندەی مومکینە دەرگای زانیارییەکان بە ڕووی ڕۆژنامەنووساندا واڵابکرێت، چونکە ئەرکی ئەوان گەیاندنی ئەو زانیاریانەیە بە هاووڵاتیان بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن بەهۆیانەوە بڕیاری ڕاست و دروست بدەن. بەم شێوەیە ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکەدا. دەزانم لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا ئەمە ئەرکێکی قورسە و کەوتۆتە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسان، بە تایبەتی کە دەرفەت بە کارکردنی ڕاگەیاندنی ئازاد نادرێت، بەڵام دەبێت ئەوەندەی دەکرێت و ئەوەندەی مومکینە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، واتە لە لایەکەوە سەربەخۆبن لە حکومەت و لە لایەکی دیکەوە چاودێری حکومەت بکەن.

*** ئێمە دەزانین تەنیا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان نابنە هۆی هێنانەدی دیموکراسی، بەڵکو دەبێت لە هەمان کاتدا باکگراوەندێك یان کولتوورێکی دیموکراسی لە ئارادا بێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان سەرکەوتوو بن، ئەمە بۆ دۆخی ڕاگەیاندنیش ڕاستە، واتە ڕۆژنامەنووسەکان پێویستیان بەوە هەیە لە کۆمەڵگەیەدا کار بکەن کە خاوەنی کولتوورێکی دیموکراسی بێت بۆ ئەوەی کاری ئەوان قبوڵ بکات، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت ئەم کولتوورە دروست بکرێت؟**

- پێموایە دەبێت سەرەتا ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران ئەوە یەکلابکەنەوە کە ڕۆڵی ئەوان چییە و ئەوان لە بەردەم کێدا بەرپرسیارن، ئایا ئەوان لە ئاست حکومەت یان هاووڵاتیان بەرپرسیارین؟ ئایا دەبێت ئەو هەواڵ و ڕاپۆرت و زانیاریانە بڵاوبکەنەوە کە خەڵکی پێویستیان پێیەتی یان ئەو زانیاریانەی ستایشی حکومەت دەکەن؟ کە ئاشکرایە ڕۆژنامەنووسان لە ئاست خەڵکدا، لە ئاست هاووڵاتیاندا- کە هەڵدەستن بە کڕینی ڕۆژنامەکان و خوێندنەوەی گۆڤارەکان و موتابەعەکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن- بەرپرسیارن و ئەرکی ئەوانیش ڕووناککردنەوەی لایەنە تاریکەکانە، ئەرکی ئەوان گەیاندنی زانیارییەکانە، ئەگەر ڕۆژنامەنووسان نەبن، ئەوا هاووڵاتیان ناتوانن دەستیان

دەبێت سەرەتا ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران ئەوە یەکلابکەنەوە کە ڕۆڵی ئەوان چییە و ئەوان لە بەردەم کێدا بەرپرسیارن




**ئەرک و رۆڵی راگەیاندن گەیاندنی زانیاری راست و دروستە بە هاووڵاتیان نەک پشتگیری کردن و ستایشکردنی حکوومەت**

بەو زانیاریانە بگات و ناتوانن لەسەر بنەمایەکی روون بریار بدەن.

*** هەندێ لە رێکخراوە ناحکومیەکانی وڵاتە گەشەکردووەکان هەڵدەستن بە یارمەتیدانی دەزگاکانی راگەیاندن لە وڵاتانی دوای رووخانی کۆمۆنیستی و وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بەڵام بەپێی هەندێ مەرج کە ئەم مەرجانەش سروشتی ئەم کۆمەڵگەیانە لەبەرچاو ناگرن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم رێکخراوانە تایبەتمەندی و سروشتی ئەم کۆمەڵگەیانە رەچاو ناکەن؟**

- لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەزگاکانی راگەیاندن سەربەخۆیی خۆیان هەیە، دەزگاکانی راگەیاندن لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا نین، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا کە حکومەت هەڵدەستێت بە رێگەپێدان و دابینکردنی دارایی بۆ هاووڵاتیان، ئایا ئەمە دیاردەیەکی تەندروستە؟ ئایا دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکان هیچ کێشەیەک نابینن لەم یارمەتیدان و رێگەپێدانەدا؟ ئایا مەبەستی حکومەت لەم هاوکاریکردنە چییە؟ ئایا بە ئامانجی ئەوەیە دەزگاکانی راگەیاندن تەنیا پەیام و تێروانینی حکومەت بۆ هاووڵاتیان بخەنەڕوو؟ لە راستیدا ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە، خەڵکی ئەم وڵاتانە دەبێت خۆیان ئەم مەسەلانە یەکلابکەنەوە. چونکە ئەوەی پەیوەست بێت بە منەوە، ئەوا خوازیاری ئەوەنیم ئەندامێکی کۆنگرێس رۆژنامەیەک یاخود دەزگایانە راگەیاندن بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

**کەسانێک هەن خوازیاری ئەوەن بواری بەردەم رۆژنامەنووسان بەرتەسک بکەنەوە، زانیاریەکان لە تاریکیدا بهێڵنەوە**

*** ئێمە دەزانین راگەیاندن رەنگدانەوەی دۆخە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکەیە. کە ئاشکرایە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان لەو لایەنانەوە لە دۆخێکی پێشکەوتوودا نین، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن راگەیاندن دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە بەرەوپێشبردنی ئەم لایەنانەدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا راگەیاندن سەربەخۆیەوە و لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا نییە، بەڵام شارەزایی دۆخی ئەو وڵاتانە نیم کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، لەبەر ئەوە ناتوانم هیچ شیکردنەوەیەک بۆ رەوشی راگەیاندن بکەم لەم کۆمەڵگەیانەدا. ئەوەندەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە دەبێت ئەوە یەکلاببێتەوە کە ئایا رۆڵی راگەیاندن لەم وڵاتانەدا چییە، ئایا ئەرك و پەیامی راگەیاندن چییە لەم کۆمەڵگەیانەدا، کە ئەوەندەی پێوەندی بەمنەوە هەبێت، ئەوا من سەرسەختانە باوەڕم وایە کە ئەرك و رۆڵی راگەیاندن گەیاندنی زانیاری راست و دروستە بە هاووڵاتیان نەك پشتگیری کردن و ستایشکردنی حکوومەت.

*** ئایا خەسڵەتەکانی رۆژنامەنووسی پیشەگەر چین و چۆن ئەم جۆرە رۆژنامەنووسانە لە کۆمەڵگە تازەگەشەکردووەکاندا دروست دەکرێت؟**

- پێموایە راگەیاندن دوو ئەرکی لەسەر شانە، یەکەمیان گەڕانە بە دوای راستی و گەیاندنی راستیە، دووەمیان پاراستنی بێلایەنییە، ئەمانە بەردی بناغەی راگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆن. لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەبێت ئەو راستە بزانین کە کارکردن بۆ هێنانەدی و پاراستنی سەربەخۆیی و ئازادی راگەیاندن خەبات و تێکۆشانێکی رۆژانە و بەردەوامە، ئەمە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش راستە کە بۆ ماوەی ٢٠٠ ساڵە ئازادی رۆژنامەگەری هەیە، لەبەر ئەوەی هەمیشە کەسانێك هەن خوازیاری ئەوەن بواری بەردەم رۆژنامەنووسان بەرتەسك بکەنەوە، زانیاریەکان لە تاریکیدا بهێڵنەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەوە بە هاووڵاتیان دەڵێم کە ئەو کاتەی ئێوە زانیاری تەواو و راست و دروستتان لە بەردەستدایە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ژیانی خۆتان و لەسەر جۆری ئەو حکومەتە بدەن کە خوازیاری ئەوەن لە دەسەڵاتدا بێت، ئەوکاتە ئێوە خاوەنی دەسەڵاتن، هەروەها دەبێت ئەو راستیە بزانن کە سەرچاوەی دەسەڵاتی ئەو کەسانەی پۆستی حکوومەتیان بەدەستەوەیە ئێوەن و سەرچاوەی دەسەڵاتی ئێوەش ئەو زانیاریانەیە کە رۆژنامەکان بە ئێوەی دەدەن.

**رۆژنامەنووس کارۆلین جامیس بۆ گوڵان:**

# رۆژنامەنووس بابەتیانە و بە شێوەیەکی هاوسەنگ کاری رۆژنامەگەری خۆی ئەدا دەکات و زانیاری و هەواڵی راست بڵاودەکاتەوە

**خاتوو کارۆلین جامیس بێجگە لەوەی رۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵە و ئەندامی رێکخراوی (SPJ) یە لە هەمان کاتدا بەرێوەبەری جێبەجێکاری رێکخراوی (ACJ Community Communications) بۆ پشتگیری رۆژنامەنووسان لە کۆمەڵگا تازەپێگەیشتووەکاندا بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە خاتوو کارۆلین بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئایا رۆڵی راگەیاندن چی بووە لە گەیاندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەو هەلومەرجەی ئێستای، یاخود ئایا راگەیاندن چ خزمەتێکی بە پرۆسەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی ئەمەریکایی کردووە؟**

- بوونی هاووڵاتی و کۆمەڵگەیەکی هۆشیار باشترین زەمانەتە لە بەرامبەر سەرهەڵنەدانی دیکتاتۆرو سەرکوتکاردا، کە ئەم هۆشیارییەش بەهۆی بوونی رۆژنامەگەری و راگەیاندنێکی مەوزوعییەوە دێتەئاراوە، چونکە ئەم رۆژنامانە دەتوانن ئەو زانیارییانە بە هاووڵاتیان بدەن کە پێویستیانە،لەو رێیەوە دەتوانن کاریگەربن لەسەر دۆخەکە بە چەشنێك هەست بکەن خۆیان بڕیار لە سەر ژیانی خۆیان دەدەن. کەواتە ئەم رۆژنامەگەرییە بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە گرنگە کە لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، هەروەها بۆ پاراستنی دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیانەدا گرنگە کە توانیویانە دیموکراسی بەدەست بهێنن.

*** ئەگەر پرسیارەکەمان تایبەت بکەین بەئەرك و رۆڵی رۆژنامەگەری لەو وڵاتانەی بە قۆناخی بونیادنانەوە تێدەپەڕن، ئایا رۆڵ و کاریگەریی و بەرپرسیارێتی راگەیاندن چییە لەم قۆناغەدا؟**

- گرنگی راگەیاندن ئەوەیە کە هاوڵاتییان ئەو زانیاری و هەواڵانەیان لێوەردەگرن کە ناتوانن لە سەرچاوەکانی دیکەوە بەدەستیان بهێنن، هەروەها رۆژنامەگەری ئازاد یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ئازاد، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە لە دەستوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تێکڕای یاساکانی ئەم وڵاتەدا زەمانەتی ئەم ئازادییە کراوە. لە هەمان کاتدا بوونی رۆژنامەگەری ئازاد بۆ وڵاتە تازەگەشەکردووەکانیش گرنگە لەبەر ئەوەی بوونی هاوڵاتییەکی هۆشیار باشترین زەمانەتە دژی دەسەڵاتی تاکڕەوی و دیکتاتۆری.

*** بەڵام هەندێ جار لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و لە قۆناغی ئینتیقالیدا دەزگاکانی راگەیاندن بەرپرسیارانە رەفتار ناکەن،، ئایا چۆن دەتوانن رۆڵی ئەم دەزگایانە بگۆڕین بە رۆڵێکی ئیجابی و یارمەتیدەر؟**

- لە راستیدا رۆژنامەنووسەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان باجی ئەداکردنی کارەکەی خۆیان دەدەن، مەبەستم ئەوەیە لەم کۆمەڵگەیانەدا هێزی سەرکوتکار و تاکڕەو هەن و بەرهەڵستی کاری ئەو رۆژنامەنوسانە دەکەن، کە لەم ڕوانگەیەوە من باوەڕم وایە دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کار بۆ



پشتیوانیکردنیان بکرێت، بۆ نموونە من لە رێکخراوێکی رۆژنامەوانیدا کار دەکەم کە هەوڵدەدات هاوکاری ئەو رۆژنامانە بکات کە لە وڵاتانی خۆیان دووچاری مەترسی و دژواری دەبنەوە لە چوارچێوەی تێکۆشانیان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دیموکراسی.

*** تۆ باسی ئەو رێکخراوانەت کرد کە پشتیوانی لە رۆژنامەگەری دەکەن لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، پرسیاری ئێمە ئەوەیە، بۆچی ئەم رێکخراوانە تایبەتمەندی و سروشتی ئەم کۆمەڵگەیانە ڕەچاو ناکەن؟**

- لە راستیدا ئەمە زیاتر لە دەربڕینی بۆچوونێکی دیاریکراو دەچێت نەك پرسیار، چونکە من دڵنیانیم لەوەی ئایا بە راستی ئەم رێکخراوانە بەمشێوەیە رەفتار دەکەن یاخود نا، لەگەڵ ئەوەشدا، من دەڵێم ئێمە لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کار دەکەین کە هەوڵدەدەین هاوکاری ڕۆژنامەنووسان بکەین لە دابینکردنی پێداویستیەکانیان بۆ ئەوەی مەوزوعیانە و بوێرانە کاربکەن و ئەوەندەی مومکین بێت کار بۆ ئەوە دەکەین کە دوچاری زیندانیکردن و ئەشکەنجەنەدان نەبنەوە بەهۆی ئەو وتارانەی دەینووسن و بڵاوی دەکەنەوە یاخود بەهۆی ئەوەی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە دەیڵێن.

*** واتە تۆ مەبەستت ئەوەیە ڕۆژنامەنووسەکان پێویستیان بەوە هەیە لە کۆمەڵگەیەدا کار بکەن کە خاوەنی کولتوورێکی دیموکراسی بێت بۆ ئەوەی کاری ئەوان قبوڵ بکات، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت ئەم کولتوورە دروست بکرێت؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە من لە ڕێکخراوێکدا کاردەکەم کە هەڵدەستێت بە یارمەتیدانی ڕۆژنامەنوسان.

*** با دوا پرسیارمان لە بەرێزت سەبارەت بە کاری رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ بێت،ئایا خەسڵەتەکانی رۆژنامەنووسی پیشەگەر چین و چۆن ئەم جۆرە رۆژنامەنووسانە لە کۆمەڵگە تازەگەشەکردووەکاندا دروست دەکرێت؟**

- من هەر ئەوەندە دەڵێم کە دەبێت ڕۆژنامەنووس مەوزوعیانە و بەشێوەیەکی هاوسەنگ کاری رۆژنامەگەری خۆی ئەدا بکات و و زانیاری و هەواڵی ڕاست بڵاوبکاتەوە و هەوڵبدات خەڵکی هان بدات بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان بکەن، ئەمە رۆڵی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووسانە.

**رۆژنامەگەری ئازاد یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ئازاد، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە لە دەستوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تێکڕای یاساکانی ئەم وڵاتەدا زەمانەتی ئەم ئازادییە کراوە**

**رۆژنامەنووسەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان باجی ئەداکردنی کارەکەی خۆیان دەدەن**

**دەبێت ڕۆژنامەنووس مەوزوعیانە و بەشێوەیەکی هاوسەنگ کاری رۆژنامەگەری خۆی ئەدا بکات و و زانیاری و هەواڵی ڕاست بڵاوبکاتەوە**

رۆژنامەنووس سۆنی ئەلبرادۆ بۆ گوڵان:

# دەبێت رۆژنامەنووس لە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات و سەربەخۆیی خۆشی لەگەیاندنی رووداوەکاندا بپارێزێت

دەبێت راگەیاندن درک بە بەرپرسیارێتی خۆی بکات لە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و لە هەمان کاتدا سەربەخۆی خۆی بپارێزێت لە تەغتیەکردنی رووداوەکاندا



**رۆژنامەنووس سۆنی ئەلبرادۆ بەرێوەبەری بەشی هەواڵی بزنسە لە رۆژنامەی کۆمیرکاڵ ئەپیەڵ کە گەورەترین رۆژنامەی رۆژانەی بزنسە لە ویلایەتی تێنسی لە ئەمریکا وئەندامی کۆمەڵگەی رۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵەکانی جیهانە،سەبارەت بەگرنگی هەواڵ و بەرپرسیاریەتی رۆژمانەنووس لە قۆناخی پێشکەوتنی کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکانە رۆژنامەنووس ئەلبرادۆ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** دەزگاکانی راگەیاندن یەکێکن لە بنەما سەرەکیەکان بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی ئینتیقالی لە کۆمەڵگە تازەگەشەکردووەکاندا، ئایا رۆڵ و کاریگەری و بەرپرسیارێتی راگەیاندن چییە لەم قۆناغەدا؟**

- من باوەڕم وایە دەزگاکانی راگەیاندن بەشێکی دانەبڕاون لە پێداویستی سەرکەوتنی پرۆسەی گەشەپێدان و پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا. لەم روانگەیەوە دەبێت راگەیاندن درك بە بەرپرسیارێتی خۆی بکات لە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و لە هەمان کاتدا سەربەخۆی خۆی بپارێزێت لە تەغتیەکردنی رووداوەکاندا.

*** هەندێ جار لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و لە قۆناغی ئینتیقالیدا دەزگاکانی راگەیاندن بەرپرسیارانە رەفتار ناکەن، بۆ نموونە لە بری ئەوەی ببنە هۆکارێکی یارمەتیدەر لە سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، دەبنە کۆسپ و ئاستەنگ لەم رووەوە، ئایا چۆن دەتوانن رۆڵی ئەم دەزگایانە بگۆڕین بە رۆڵێکی ئیجابی و یارمەتیدەر؟**

- ئەگەر ئێمە بۆ مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بگەڕێینەوە، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین کە راگەیاندنی جیاواز لەم وڵاتەدا بوونیان هەبوو، کە ئەوەش بەشێك بوو لەو مشتومڕە دیموکراسیەی لەو کاتەدا لە ئارادابوو، مشتومڕی پێکهێنانی وڵات و کۆمەڵگەیەکی نوێ، کە بوونی ئەم راگەیاندنەش پێویست بوو بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە و بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە.

*** ئەگەر بەراوردی دۆخی راگەیاندن بکەین لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، واتە ئەگەر بەراوردێکی دۆخی راگەیاندن بکەین لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا ئایا دەتوانین بڵێین راگەیاندنی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بە بەراورد بە ئەزموونی وڵاتی ئەمەریکا چ کموکوڕییان هەیە؟**

- ئێمە دەتوانین لەم رووەوە ئاماژە بەوە بکەین کە راگەیاندن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەدا کار ناکەن کە ئەزموونێکی دیموکراسی دووروردرێژیی هەبێت، کە ئەمە ئەرکی راگەیاندن قورس دەکات، لەبەر ئەوەکارێکی دژوارە بتوانیت ئازادانە کاری راگەیاندن لە کۆمەڵگەیەدا بکەیت کە پێشتر ئەزموونی ئازادی رادەبڕینی نەبووە.

*** ئایا تاچەند رۆژنامەنوسەکان پێویستیان بەوە هەیە لە کۆمەڵگەیەدا کار بکەن کە خاوەنی کولتورێکی دیموکراسی بێت بۆ ئەوەی کاری ئەوان قبوڵ بکات، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت ئەم کەولتورە دروست بکرێت؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا، چونکە دەبێت رۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاری خۆیان ئەدا بکەن، بێ ئەوەی مەترسی ئەوەیان هەبێت خۆیان و خێزانەکەیان دووچاری کوشتن و ئازاردان دەبنەوە، بۆ نموونە لە وڵاتی مەکسیك رۆژنامەنووسان لەسەر ئەوە دەکوژرێن کە نهێنی گرووپەکانی بازرگانی کردن بە تلیاکەوە ئاشکرا دەکەن، هەروەها لە هەندێ وڵاتی دیکەشدا رۆژنامەنووسان بەهۆی کارەکانیانەوە دووچاری دژواری و مەترسی دەبنەوە، کەواتە دەبێت کەشێکی ئازاد بۆ رۆژنامەنووسان برەخسێنیت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات.

*** هەندێ لە رێکخراوە ناحکومییەکانی وڵاتە گەشەکردووەکان هەڵدەستن بە یارمەتیدانی دەزگاکانی راگەیاندن لە وڵاتانی دوای روخانی کۆمۆنیستی و وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بەڵام بە پێی**

راگەیاندن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەدا کار ناکەن کە ئەزموونێکی دیموکراسی دووروردرێژیی هەبێت

هەندێ مەرج کە ئەم مەرجانەش سروشتی ئـەم کۆمەڵگەیانــە لەبەرچــاو ناگرن، پرســیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم ڕێکخراوانە تایبەتمەندی و سروشتی ئەم کۆمەڵگەیانە ڕەچاو ناکەن؟**

- ئەگــەر ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن لە ئارادا بێت ئەوا من پێم وایە ڕەنگە هۆکارەکە بۆ جیــاوازی کولتــوری بگەڕێتەوە، بۆ نموونە ئەو کەســانەی سەر بە کولتورێکی جیاوازن ناتوانن یاخــود ئامادەنین خۆیان لەگــەڵ کولتورێکی دیکــەدا بگونجێنن، یاخود هەوڵنادەن لە سروشــت و خەسڵەتی جیاوازی ئەم کۆمەڵگەیانە تێبگەن.

*** ڕاگەیاندن یــان کاری ڕۆژنامەگەری هەموو لایەنەکانــی ژیانی کۆمەڵگە ئایا چــۆن ڕاگەیاندن مامەڵــە لەگەڵ لایەنە جیــاوازەکان دەکات و چــۆن هەوڵی بەرەو پێشەوە بردنیان دەدات؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانن بەهۆی بەدەستهێنانی یارمەتی و هاوکاری وڵاتە گەشەکردووەکاندا هەڵبســتن بــە بنیاتنــان و دامەزراندنی بناغەیــەك بۆ هێنانەدی ئــەو ئامانجەی تێدەکۆشــن بۆ بەدەســتهێنانی. هەروەها ڕاگەیانــدن دەتوانێــت بە خســتنەڕووی کێشەکان و شیکردنەوەیان ڕۆڵی هەبێت لەم پرۆسەیەدا.

*** ئایا خەســڵەتەکانی ڕۆژنامەنووســی پیشــەگەر چیــن و چــۆن ئــەم جۆرە ڕۆژنامەنووســانە لــە کۆمەڵگــە تازەگەشەکردووەکاندا دروست دەکرێت؟**

- لە ڕاســتیدا بــۆ زانینی خەســڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسی پیشەگەر دەبێت بۆ ئەو ڕێسا ڕۆژنامەگەریانە، یاخود ئەتەکێت و ئەخلاقیاتــی ڕۆژنامەگەریانە بگەڕێینــەوە کــە ڕۆژنامەنووســان لــە وڵاتی خۆیاندا پیــادەی دەکەین. هەروەها لەم ڕووەوە دەتوانن ســوود لــە ئەزموون و شارەزایی ڕۆژنامەنووسانی وڵاتانی دیکە وەربگیرێت، بۆ نموونە دەتوانرێت بانگهێشت بکرێن و کۆرســی تایبەتی بڵێینەوە بۆ ئەم مەبەستە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من ڕێزێکی ڕاستەقینەم هەیە بۆ هەوڵی ڕۆژنامەنووســان لە باشــترکردنی دۆخی وڵاتەکەیان، بە تایبەتی ڕۆژنامەنووسانی وڵاتە تازەگەشــەکردووەکان، کە لەم ڕووەوە هیوای خۆشــبەختی و ســەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.



**دەبێت کەشێکی ئازاد بۆ ڕۆژنامەنووسان بڕەخسێنیت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات**

**بۆ زانینی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسی پیشەگەر دەبێت بۆ ئەو ڕێسا ڕۆژنامەگەریانە، یاخود ئەتەکێت و ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەگەریانە بگەڕێینەوە کە ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتی خۆیاندا پیادەی دەکەین**

# ئازادیی ڕاگەیاندن و بەرپرسیارەتی



**ئاسۆ کەریم**

ئەگەر کاری سەرەکیی میدیا ئەوە بێت کە زانیاری و بیروڕا و ئایدیای جیا-جیا بۆ خەڵك بگوازێتەوە، جا کەناڵی گواستنەوەکە هەر چییەك بێت، ئەوە ئازادیی میدیا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تا چەند «ئیمکانییەت» هەیە زانیاری و بیروبۆچوون، بەبێ لەمپەر بە خەڵك رابگەیەندرێت. ئاقارو مەودای ئەو «ئیمکانییەتە» لە دنیای ئەمڕۆدا، دیموکراتبوون یان نەبوون، ئازادبوون یان نەبوونی ئەم یان ئەو کۆمەڵگە دیاری دەکات. ئاخر لە کۆمەڵگەی دیموکرات و ئازاددا، بۆ ئەوەی مرۆڤ، «ئیختیار-choice»ی هەبێت، دەبێت زانیاری ڕاست و دروستی هەبێت، ئاگای لە دەوروبەری خۆی بێت کە چ دەگوزەرێ و ئاشنای بیرورای جیاواز سەبارەت بە «ڕاڤەو لێکدانەوەو شیکردنەوە»ی ڕووداوەکان بێت. واتە دەبێت تەعدودییەت لە میدیادا هەبێت. لەبەر ئەوە، لە چەندین دۆکیومێنتی نێودەوڵەتیدا، ئاماژە بۆ «ئازادیی بیروڕا دەربڕین و بڵاوکردنەوەو پەخش بە دەستاوێژ گەلی ڕەوا» دەکرێ. لە دەستووری وڵاتاندا، بەدەستووری عێراقیشەوە، ئەوە وەکو مافێکی تاکەکەس چەسپێندراوە. بۆ ئەوەی ئەو مافە دەستوورییە، سەرحەدو کەوشەنی دیاری بکرێ بە قانوون ڕێکدەخرێت. لە کوردستانی ئێمەدا، قانوونی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، کاری ڕۆژنامەگەریی ڕێکدەخات. ئەو قانوونە، دەسەڵاتی بە ڕۆژنامەگەر داوە کە چۆن-چۆنی ڕەوتار بکات لە بواری ڕۆژنامەگەریدا و سنوورو چوارچێوەیەکی بۆ داناوە، وەك دەشزاندرێت، ڕەوتارکردن «تصرف»، بەبێ بەرپرسیارەتی نابێت، بەرپرسیارەتیش دوو ڕووی هەیە: پاداشت و سزا. جگە لە بەرپرسیارەتییە قانوونییەکە، بەرپرسیارەتی ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیشی هەیە کە بەلای منەوە لە بەرپرسیارەتییە قانوونییەکە کەمتر نین. بەکورتی ڕووی دووەمی ئازادیی، بەرپرسیارەتییە. لەهەر شوێنی ماف هەبوو، ئیلیتزام و مەسئولییەت هەیە. بەرپرسیارەتی دەکەوێتە ئەستۆی هەم ڕۆژنامەنووس هەم سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری کەناڵی میدیا.

لەهەر شوێنی ماف هەبوو، ئیلیتزام و مەسئولییەت هەیە

**ئەو ئازادییە، چی لێدەکەوێتەوە، یان چ مفاو سوودێکی هەیە:**

وەك لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد مافی یەکە- یەکەی خەڵکە ئاگایان لە هەواڵ و دەنگوباسی ناوەخۆ و جیهان بێت، بەتایبەتی کە ڕەنگە هەندێ هەواڵ ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ژیان و گوزەران و چارەنووس هەبێ و بۆ ئەوەی هەر کەسە ئیحتیاتی خۆی وەربگرێ. هەروا لە ڕێگەی میدیاوە کولتوور و زانست و تەکنیکی نوێ بڵاودەبێتەوەو ئاستی هوشیاریی گشتی بەرزدەبێتەوە، بێ لەوە کە ڕێگە دەدرێ خەڵك «سەرکردەکانی بیروڕا « ڕای خۆیان سەبارەت بەکاروباری گشتی بڵێن و خەڵکی تری لێ ئاگادار بکەنەوە، دوور نییە هەلو چەوتی دەسەڵات بەدەربکەوێ و چارەسەر بۆ گیروگرفتەکان بدۆزرێتەوە. کەس، بە کەسی حوکمڕان و لێپرسراویشەوە، بەدەگمەن نەبێ، پێ لە عەیبەی خۆی نانێ. لێرەدا، ئەگەر عەیبەی کاربەدەست و حوکمڕانان، هەر زیانی بۆ خۆیان هەبێت، مەسەلەیەك نییە، لێ ئەگەر سەری خەڵکی گرتەوە دەبێ لێی بە جواب بێی، میدیا دەتوانێ ببێتە ئەو جوابدەرە. ئاخر حکوومەتیش هەڵە دەکات، جا ئەو هەڵەیە بە ئانقەست بێ یان نا، کەواتە دەبێت چاوەدێریی بەسەر حوکمڕانانەوە هەبێت، لە وڵاتانی دیموکراتیدا، چاوەدێریی پەرلەمانیی و قەزایی هەیە. لەناو پەرلەماندا موعارەزە ئەو کارە دەکات. میدیاش بەتایبەتی میدیای موعارەزە و میدیای ئەهلی «ئەگەر لە وڵاتدا هەبێ» بەشێکی لەو چاودێرییە بەردەکەوێ. واتە میدیا دێ هەر هەڵەو لادان و سەرپێچییەکی حکوومەت بەر لەوەی تەشەنە بکەن، کەشفی دەکات و ڕای گشتی لێ ئاگادار دەکاتەوە. ئەو وەزیفەیە، «هاوسەنگی و عاقڵاتی» پێ دەوێ، بە هەڵەشەیی ناکرێ. گومان لەوەدا نییە کەرەخنەو عەیبە بەدەرخستن ئاسانە. لێ دۆزینەوەی بەدیلی باشتر و عەمەلیتر و کەم مەسرەفتر گرنگە، بەو مانایە دەبێ مرۆ خۆی لە جێگەی حکوومەت دابنێ، کە ئەو لە حوکم بووایە چیدەکرد. گیروگرفت ڕاییکردن، کارێکی ئاسان نییە. بۆ ئەمەش»ئەلتەرناتیڤ تەرحکردن» پێویستی بە ئازادی و گۆڕینەوەی بیروڕا هەیە. ئەوە بە میدیای ئازاد دەکرێ و ئەوەش دەبێ بە قانوون ڕێکبخرێ. چونکە کە ڕۆژنامەگەریی پراکتیزەی ئەو ئازادییە دەکات، پێویستە بە بەرپرسیارەتییەوە بکات، نابێ فیتنەو ئاژاوەو بێ سەروبەری و بێ نەزمی بنێتەوە. هەم لە میدیای جیهانی و لە هی خۆشماندا نموونە لەبەردەستە. ئازادیی ڕۆژنامەگەریی، ئازادییەکی ڕەها نییە، نابێ ڕێکوپێکی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێکبدات.

**پێوەندیی نێوان (خوێنەرو بیسەرو بینەر) و ڕۆژنامەگەر:**

ئەوە مافی خەڵکە، زانیاری و مەعریفەی ڕاست و دروستی سەبارەت بە ڕووداوەکان دەست بکەوێت. واتە نابێ خەڵکی لە ڕێگەی میدیاوە دەستخەڵەت بدرێ (چونکە دەکرێ دەست خەڵەت بدرێ، هەرچەندە لە دنیای ئەمڕۆدا ئەو دەستخەڵەتدانە بۆ ماوەیەکی کەم بڕ دەکات). خاڵی ئیجابی ئەوەیە، لە کوردستاندا، هەموو ڕاگەیاندن لەبەردەستی حکوومەت و لایەنە پێکهێنەرەکانی حکوومەتدا نین. تەعدودییەت لە ڕاگەیاندندا هەیە. کەواتە دەبێ مافی ڕەتدانەوە بۆ خەڵك دەستەبەر بکرێ و سێیەمیش حەقی تایبەتمەندی هەر کەسە بپارێزرێ و پاشان نابێ ڕۆژنامەگەر خۆی لێ ببێتە قازی



گوڵان
ژمارە (٧٧٨)
٢٠١٠/٤/٢٦

و حوکمی خۆی لەسەر رووداو و هەواڵان بدات کە بەداخەوە، لە هەر یەك لەم بوارانەی سەرێدا، رۆژانە شتی پێچەوانە دەبینین.

## راگەیاندنی حزبی و ئەهلی:

هەموومان دەزانین حزبی سیاسی، بەتەنێ راگەیاندنی بۆ «ئەندام و دۆست و لایەنگران»ی خۆی ناوێ، چونکە بێ لە میدیا، دەستاوێژو کەناڵی دیکەی بۆ بەردەوامیدان بەو پێوەندییە هەیە. بەڵکە شەڕەکەی لەسەر خەڵکی «نا مونتەمی»یە بەمانا حزبییەکەی، بەتایبەتیش لە کاتی هەڵبژاردندا.

پێموانییە کەس ئەو هەقە بە حزب نەدا کە پەیام و بەرنامەی خۆی بە خەڵکی تر بڵێ. ئەوە براوەتەوە. چونکە ئەگەر حزب، کەناڵی میدیایی خۆی هەبێت، ئەوە دەستی لەسەر دڵی نابێ و چۆنی بووێ، کەناڵەکە ئاوای بۆ دەگوازێتەوە. هەرچەندە هەموو جارێ، کادیرەکانی حزب، دەقاودەق ناکارن یان نەزانن بەباشی پەیامەکەی حزب بگوازنەوە.

لێرەدا ئاماژە بۆ دوو خاڵ دەکەین: یەکەمیان لەناو راگەیاندنی حزبیدا، مادام فرە حزبی هەیە، فرەیی لە میدیاشدا هەیە. دووەم لە دەرەوەی حزبیش کەموو زۆر میدیای نا حزبی هەیە! پاشان تەنانەت لەناو میدیای تاکە حزبێکیشدا، هەرچەندە لەم حزب بۆ ئەوی دەگۆڕێ بەگوێرەی بەرزی و نزمی رادەی دیسپلینی حزبییەوە، حزب سەد دەر سەد ناکارێ کۆنترۆڵی هەموو ئەندامەکانی خۆیشی بکات و جارووبار شتی پێچەوانەی تێدەکەوێت بەناوی ئازادیی رادەربڕین و رای شەخسی و شتی لەم بابەتە...

میدیای نا حزبی (یان ئەهلی) لە گەڕان بەدوای زانیاری و بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی رووداوەکان، پێوەندیی بەم یان بەو کاربەدەستی حکوومەت، یان پەرلەمان، یان بەم یان بەو کادری حزبییەوە دەکات کە هەندێك جار میدیای ئەهلی بۆ شاردنەوەی سەرچاوەی زانیارییەکانی، ناوەکان بە نهێنی دەهێڵێتەوە. لەباری واشدا زۆر رێی تێدەچێت قسەکان دابڕێژرێنەوەو بگۆڕێن و بشێوێندرێن. لە باری واشدا ئاسەواری نیگەتیڤ بۆ سەر پێوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان جێدەهێڵێ. چەندە میدیای ئەهلی ئاگای لەوە هەیە، نازانم!

هەقە میدیای ئەهلی دەوری ناوبژیوانی mediation بگێڕێ: بێلایەنانە زانیاریی بدات بەبێ ترش و خوێ پێوەکردن، پاشان گرنگی و مەغزای ئەودیوی ئەم یان ئەو رووداو چییە، روون بکاتەوە تا پێشی دەکرێ لە گۆشە نیگای جیا-جیاوە رای جیاواز وەربگیرێ. ئایا کاری میدیا نییە کە سازانی کۆمەڵایەتی بنیات بنێ، گرژی و دڕدۆنگیی لەناو کۆمەڵگەدا کەم بکاتەوە خەڵکی لە دڵەڕاوکە دووربخاتەوە. ئاخر نابێ (راگەیاندن) خۆی قەیران چێ بکات، بۆ ئەوەی جێ سەرنجی خەڵك بمێنێتەوەو فرۆشی زۆر بێت، یان پێی بڵێن بە جورئەت و ئازایە.

## وەك لە دنیادا باوە وەزیفەی میدیاکاران ئەوەیە:

١- بەشێوەیەکی بابەتی هەواڵ و زانیاری کۆبکەنەوەو پێشکەش بە خەڵکی بکەنەوە، ئەمڕۆ تی ڤی زێتر لە کەناڵەکانی تر ئەو دەورە دەگێڕێ (نا لێرەدا چۆن هەواڵ دروست دەکرێ و لا لەچ هەواڵێك دەکرێتەوە جیاوازی نێوان کەناڵەکان دەردەخات).

٢- لێکدانەوەو راڤەی هەواڵ و زانیاری و رووداوەکان کە لە خاڵی یەکەمدا باسکرا. ئەوەش بۆ دوو مەبەستە: هەم بۆ تێگەیشتن و هەم بۆ رێنیشاندان و ئاراستەکردن. هەندەی من ئاگام لێ بێ دیراسەیەکم نەدیوە سەبارەت بە کاریگەریی میدیای کوردی، لەسەر نوخبەو لەسەر جەماوەر، کە داخوا لە راڤەو لێکدانەوەو شیکردنەوەی رەهەندەکانی رووداو و دیاردەو تەنانەت قەیرانەکانیشدا، بەبەراورد بە میدیای عێراقی و بیانی، چەند کاریگەریی هەیە.

٣- بەشێك لە میدیاکاران پێیانوایە کە وەزیفەی ئەوانە تەرەفگیری خەڵك و هاوولاتیان بن لە بەرانبەر حکوومەتدا. بەشێکی تریش پێیانوایە کە پێویستە لە خزمەتی رای گشتی و خەڵك و حکوومەتدا بن، چونکە حکوومەتیش هەڵقوڵاوی ناو خەڵکە.

٤- هەروا وەزیفەی میدیاشە کە بەشداریی بکات لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا لەرێگەی تیشك خستنە سەر هەندێ پرس و کێشەی دیاریکراوەوە.

کەمو زۆر لە کوردستاندا، میدیا ئەو دەورە دەگێڕێ یان بەلانی کەمەوە دەیەوێ بەو ئاقارەدا هەنگاو هەڵبنێتەوە. گرنگ ئەوەیە کە تادێ دەوری میدیا زۆرتر و زۆرتر دەبێت.

## سیستەمی هەڵبژاردن و میدیا:

«سیستەمی هەڵبژاردن»ی ئەمجارەی ٢٠١٠/٣/٧، کە لیستی نیمچە کراوە بوو، کاریگەریی لەسەر سیاسەتکاران بەگشتی و لەسەر کاندیدەکان بەتایبەتی دادەنێ. چۆن لە میدیا دەربکەون، چ بڵێن و تەرکیز لەسەر چی بکەن و چ سەرنجێك لەسەر خۆیان دروست بکەن. دەنگدەر چیتر دەنگ بە کاندید نادات، لەبەر ئەوەی تەنیا پارتییە، یان یەکێتییە، یان یەکگرتووە، بەڵکە تێڕوانینی خۆی وەك تاك بۆ ئەو کاندیدە چییە. بەشێکی ئەوەش لە رێگەی راگەیاندنەوە دەبێ. ئاخر راگەیاندن بەتایبەتی بەشە ئەهلی و ناحزبییەکەی دەتوانێ (رصید) بۆ سیاسی دروست بکات. لێرەدا روئیای کاندید خۆی بۆ گیروگرفتەکان و شێوازی قسەکردن و لێدوان و تەنانەت رواڵەتیش، سەرنج لای دەنگدەر دروست دەکات. دەبێ حزب لێرە بەدواوە، لە کاندیدێ بگەڕێ کە ئەو دەنگ بۆ حزب کۆبکاتەوە نەك بەپێچەوانەوە.

ئەنجوومەنێکی باڵای راگەیاندن:

لە کوردستان، بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە نزیکەی (١٠٠٠) رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی رادیۆیی و تیڤی لۆکاڵ و فەزایی هەیە. بەشی لەو کەناڵانە، جارو بار و هەشیانە بەردەوام کۆمەك لە حکوومەت (هەڵبەت لە سەرچاوەی جیاوازی ناو حکوومەت) وەردەگرن. ئاساییە، حکوومەت باروبووی میدیا بکات و هانی بدات، ئاخر بوونی میدیای ئازادو تەعەددوییەتی میدیا، کۆڵەگەیەکی سەرەکیی کۆمەڵگەی ئازادو دیموکراتە. بەڵام ئەو باروبووکردنە، لەبەر دوو هۆ پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە، یەکەمیان، بۆ ئەوەی پارەی گشتی لە جێگەی خۆیدا خەرج بکرێ و گەندەڵی تێ نەکەوێ، پێویست دەکات لەیەك سەرچاوەوە بەپێی پێوەرێکی بابەتی کەناڵەکان باروبوو بکرێن، دووەمیان، بۆ ئەوەی دەرفەتی یەکسان لە بەردەم هەمووواندا بکرێتەوەو حکوومەت بەشداریی لە دەستگرتنی میدیای ئازاددا بکات. ئەگەر ئەنجوومەنێکی باڵای راگەیاندن-مان هەبایە، لەپاڵ کۆمەڵە ئەرکێکی تردا، ئەوەشی بکردبایە، ئەوە هەنگاوێك لە رێگەی رێکخستنەوەی بواری میدیایی لە کوردستان دەنرایەوە. بۆ ئەمەش پێویستمان بە قانوونێکی هەمەلایەنەی راگەیاندن هەیە.

من بۆ خۆم لە میدیاکاری ئەم کوردستانم بیستووە، کە بە دەسەڵاتی گوتووە «مافیا»، پاشان لۆمەو سەرزەنشتی ئەو دەسەڵاتە دەکا کە باروبوو کۆمەك بە «میدیای ئەهلی» ناکات. ئەگەر مافیایە، ئەو داوایەی بۆ لێ دەکەی؟ بۆ ئەوەی بیانوو هەنجەتی بابەتی لەمجۆرەش ببڕدرێ، پێویستمان بە رێکخستنەوەی سەرجەم راگەیاندن هەیە. رێکخستنەوەش لە پێشەوە بە قانوون دەکرێ.

**لە کۆمەڵگەی دیموکرات و ئازاددا، بۆ ئەوەی مرۆڤ، «ئیختیار-choice»ی هەبێت، دەبێت زانیاری راست و دروستی هەبێت**

**لەناو راگەیاندنی حزبیدا، مادام فرە حزبی هەیە، فرەیی لە میدیاشدا هەیە**

# باری ئاسایشی عێراق
# هەژمارکردنەوەی دەنگەکان



پرۆسەی وتوویژ و دانوستانەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق ئەگەر هەفتەی داهاتوو دوای دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی پارێزگای بەغدا دەست پێبکات، واتە ئەوە دوومانگی رێك بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان تێدەپەڕێت و هێشتاش ئاکامی فەرمی هەڵبژاردنەکان رانەگەیەنراوە، بۆیە هەتا ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە فەرمی رانەگەیەنرێت، ئەوا بەفەرمیش لایەنەکان ناکەونە وتوویژەوە بۆ چۆنیەتی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی عێراق، ئەوەی لە دووبارە هەژمارکردنەوەی ئەم دەنگانە دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی د.مالیکی بەو ئومێدەیە لانی کەم ٣ کورسی زیاتر بەدەست بهێنێت، ئەم کورسیە زیادانەش لەسەر حسابی لیستی ئەلعراقیەی د.ئەیاد عەلاوی دەبێت، بۆیە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان ئەگەر ئاکامێکی لێبکەویتەوە بۆ بەرژەوەندی لیستی دەوڵەتی یاسا، ئەوا ئیدی د.مالیکی پێویستی بە هاوپەیمانی لەگەڵ هاوبەندی نیشتمانی عێراق بەسەرۆکایەتی عەمار حەکیم نامێنێت و کێشەی یەکلایی بوونەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران بۆ بەرژەوەندی د.نوری مالیکی یەکلایدەبێتەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بە دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان کێشەکانی عێراق تەواو دەبن؟ یان ئایا پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووگڕوتینێکی خێرای تێدەکەویت و بە ئاسانی حکوومەتی داهاتووپێکدەهێنرێت؟ بێگومان لەبەر رۆشنایی باردۆخی ئاسایشی ناسەقامگیری بەغدا و تەقینەوە تیرۆریستییەکانی کە رۆژانە لە بەغدا و چەند شارێکی دیکەی ناوەڕاستی عێراق روودەن، وەڵامێکی گەشبینانەمان دەست ناکەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا ئێستا کەشوهەوایەکی لەبار و سەقامگیری ئەوتۆ لە ناو بەغدا بەرجەستە نەبووە کە لایەنە سیاسییەکان بتوانن بە هێمنی و لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندییەکانی عێراقدا وتوویژ بکەن و بڕیاربدەن، ئەمە لایەنێکی کێشەکەیە و گریمانەکان بەو ئاراستەیەن کە دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان وەك خۆی دەرچووەوەو هیچ گۆڕانکارییەکی دروست نەکرد، ئایا ئەمجارەیان پرۆسەی سیاسی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەشکێتەوە، لەم رووەوە چاودێرانی سیاسیی مەزندەکانیان بەجۆرێك ئاراستە دەکەن، کە لەوانەیە جۆرێك لە تەنگژەی سیاسی لە عێراقدا بێتە ئاراوە، هەوەرها وەك د.ئەیاد عەلاوی راشکاوانە ئاماژەی پێکرد، ئەگەر بەهۆی یەکگرتنی لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی عێراقی، رێگە لە د.عەلاوی بگیرێت حکومەت پێکبهێنێت، ئەوا لیستی ئەلعراقیە هەڕەشەی پاشەکشە لە پرۆسە سیاسییەکە بکات، ئەم جۆرە هەڕەشەکردنەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق بگەڕێتەوە بۆ ناو چوارگۆشەی یەکەم و سەرلەنوێ ئەوەی لەسالآنی



گوڵان
ژمارە (٧٧٨)
٢٠١٠/٤/٢٦

# هێشتا لەمەترسیدایە
# پرۆسەی وتووێژەکانی دواخست



رابردوو لەبارەی نائارامی و ناسەقامگیری عێراق بینیمان دووبارە بێتەوە، دووبـــارە بوونەوەی باری توندوتیـــژی لە عێراق لە حاڵەتی دروســـتبوونی ناکۆکی و تەنگژەی سیاســـیی لە نێوان پێکهاتە سیاســـییەکانی عێراق دەبێتە ئـــەو ئەگەرەی کە چاوەڕوانی خراپتری لێبکرێت، نەك باشـــتر بوونی باردۆخەکە، ئەمەش لەبـــەر ئەوەیە درێژبوونەوەی ماوەی حکومەت لە قۆناغی راگوزەر بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ئایندە، خۆی بۆشاییەکی دەستووری دروست دەکات، ئەگەر بۆشاییەکی سیایش لە نێو پرۆسە سیاسییەکەدا دروست ببێت، ئەوا بە ئاسانی ئەم بۆشـــاییە سیاسی و دەستوورییە دەلاقەیەك بۆ تیرۆریســـتان دەکاتەوە کە بتوانن رەوشـــی عێراق ئاڵۆزتر و ناســـەقامگیرتر بـــکات، ئەوجا لێرەدا کێشەکەش تەنیا کێشەی نێوان د.مالیکی و د.ئەیاد عەلاوی نابێت، بەڵکو کێشـــەکە دەبێتە کێشـــەی یەکگرتنی نێوان لیســـتی دەوڵەتی یاسا و لیستی هاوبەندی نیشتمانی عێراقی، کە بەهیچ جۆرێك تەیاری سەدر رازی نابێت د.مالیکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید بکرێتەوە، هەر بۆیە کاتێك باسی چۆنیەتی ئەو رێککەوتنە دەکرێت، لیستی ســـەدر جەخت لەســـەر ئەوەدەکاتەوە کە پێویستە پاڵێوراوی لیستی دەوڵەتی یاسا بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران تەنیا د.مالیکی نەبێت و کەســـێکی دیکە لەگەڵ د.مالیکـــی بپاڵێورێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ کاندیدەکانی دیکەی لیستی هاوبەندی نیشتمانی عێراقی لەناو لیســـتی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی عێراق دووبارە کاندید بکرێنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگـــەر ئاکامی هەژمارکردنەوەی دەنگەکان هیچ گۆڕانکارییەکی دروســـت نەکرد، ئەوا چانسی دووبارە کاندیدکردنەوەی مالیکی بۆ پۆستی ســـەرۆك وەزیران زۆر کەمدەبێتەوە، لێرەوە کێشەی ئەوە سەرهەڵدەدات ئایا بەڕێز د.مالیکی بەئاسانی بە پرۆسەی ئاشتیانەی دەسەڵات رازی دبێت و ئامادە دەبێت پۆســـتی سەرۆك وەزیران بۆ کەسێکی دیکە بەجێبهێڵێت، ئەمە ئەو مەترسیەیە کـــە چاودێران مەزنـــدەی بۆ دەکـــەن و پێیانوایە زەحمەتە بە ئاسانی ئەم پرۆسەیە لە عێراقدا بەڕێوە بچێت.

بەهەرحـــاڵ ئەم پرۆســـەیە رۆژ لـــە دوای رۆژ زیاتـــر بەرەو ئاڵۆزی هەنـــگاو هەڵدەگرێت، بەڵام بۆ فراکسیۆنی کوردســـتانی کە پێدەچێت دوای راگەیاندنـــی ئاکامی دەنگدان لـــە چوارەچێوەی شاندێکی هاوبەشدا بچنە بەغدا بۆ بەشداریکردن لە پرۆســـەی وتووێژەکان بۆ گرێدانی هاوپەیمانی و چۆنیەتی بەشـــدار بوونی هاوبەندی کوردستان لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، جۆرێك ئومێدی لە رای گشـــتی کوردستان دروســـتکردووە، کە ئەم هاودەنگی و هاو هەڵوێســـتییەی هاوبەندی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا وادەکات کورد رۆڵێکی کاریگەر لە پرۆســـەکەدا بگێڕێت و بەشـــدارییەکی کارا لە حکومەتـــی داهاتوودا بکات.

**د. حەیدەر سەعید بۆ گوڵان:**

# پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق لەوە زیاتر درێژە دەکێشێت کە مەزندە دەکرێت

**ئەلعێراقیە دەربڕی خواستی سوننەکانە**

**رەنگە لە ئەنجامی دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان کورسیەکی رەوتی سەدر بدرێتەوە بە مالیکی**

*** هەندێ ئاڵۆزی لە سەروبەندی ئەوەدان کە لە چوارچێوەی پرۆسە سیاسییەکەدا روودەن، بە تایبەتی دوای لێدوانە راشکاوەکەی لیستی ئەلعێراقیە کە رایگەیاند بە یەکگرتنی هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانی ئەوان لە پرۆسە سیاسییەکە دەکشێنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك کشانەوەی ئەلعێراقیە دەبێتە هەڕەشە لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت؟**

- لێدوانە سیاسییەکانی لایەنە جیاوازەکان لەم رۆژانەی دواییدا بە جددی وەرنا گرم، لەبەر ئەوەی ئێمە سەرگەرمی شەڕە سیاسییەکانی دوای هەڵبژاردنین و مەرج نییە ئەو لێدوانانە گوزارشت بن لە واقیعی راستەقینەی ئەو گفتوگۆیانەی لە نێوان لایەنەکاندا روودەدەن. لەهەمان کاتدا ئەگەر ئەمە نییەتی راستەقینەی ئەلعێراقیە بێت، ئەوا ئەمە نیشانەیەکی مەترسیدارە، لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من ئەلعێراقیە گوزارشت لە لیستێکی نیشتمانی ناکات، بەڵکو دەربڕی خواستی سوننەکانە و ئەگەر بەرنامەی ئەم لیستەش بخوێنێتەوە، ئەوا ئەو راستییەت بۆ دەردەکەوێت کە ئەم لیستە نوێنەرایەتی رای گشتی سوننە دەکات، کەواتە دوورخستنەوەی ئەم لیستە بە مانای دوورخستنەوەی پێکهاتەیەکی گرنگی عێراق دێت و ئەو کاتە دەگەڕێنەوە بۆ هەمان ئەو تەنگژەیەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە لە عێراقدا روویدا.

*** ئێمە دەزانین کە ئەگەر ئەم ئیشکالیەتە چارەسەرنەکرێت، ئەوا پێشبینی دەکرێت دەوڵەتە دراوسێکان دەستێوەردان لە پرۆسەکەدا بکەن، چونکە بەشداری نەکردنی ئەلعێراقیە بە مانای پەراوێزکردنی عەرەبە سوننەکان دێت و ئەمەش دەبێتە هۆی دەستێوەردانی ئەو دەوڵەتانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر بارودۆخەکە بەم ئاراستەیەدا بڕوات، کۆتایی پرۆسە سیاسییەکە چۆن دەبێت؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە حاڵی حازر دەوڵەتە دراوسێکان دەستێوەردان لە کاروباری عێراقدا دەکەن، بۆ نموونە ئێران و سعودیە، پێموایە نابێت رۆڵی تورکیاش نادیدە بگرین، لەبەر ئەوەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ بەسەرەوە پەیوەندییەکی باشی



**د.حەیدەر سەعید یەکێکە لە نووسەر و شرۆڤەوانە سیاسییە ناسراوەکانی عێراق و ئێستا لە وڵاتی ئەردەن دادەنیشێت و زۆرجار لەلایەن میدیای عەرەبییەوە بە تایبەتی هەردوو کەناڵی ( العربیە و الجزیرە) بۆ شرۆڤەی باری سیاسیی عێراق بانگهێشت دەکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسیی عێراق وداهاتوو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، گوڵان ئاخاوتنێکی تایبەتی لەگەڵ د.حەیدەر سەعید کردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

لەگەڵ سەرکردەکانی حزبی ئیسلامیدا هەبووە. باوەڕم وانییە ئەم دەستێوەردانانە رەنگدانەوەی ئیجابیان لەسەر دۆخی عێراق لێبکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەوە رەنگە شتێکی هەڵە نەبێت ئەگەر حکومەت بەپێی تێگەیشتنێکی ئیقلیمی پێکبهێنرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە دەوڵەتە دراوسێکان هەڵوێستێکی هاوبەشیان نییە، یاخود هەر دەوڵەتێك پشتگیری لە سەنگەرێکی دیاریکراو دەکات لە عێراقدا، بۆ نموونە ئەولەویەتی یەکەمی ئێران بوونی کوتلەیەکی شیعەی یەکگرتووە، چونکە پێیوایە ئەمە زەمانەتی پاراستنی نفوزی ئەو وڵاتە دەکات لە عێراقدا. هەروەها سعودیە پشتگیری لە پێکهاتە و لایەنە سوننییەکان دەکات بۆ بەرهەڵستی کردنی ئێران. کەواتە بە تیرڕوانینی من ئەگەر لایەنێکی دەرەکی هەبێت لەم رووەوە بتوانێت کار بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسیەکە بکات، بریتییە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆ نموونە ئەمەریکا لەم رووەوە چەند پێشنیارێکی تەرح کردووە و ئێستا باس لەوە دەکرێت کە گفتوگۆی نهێنی لە نێوان لیستی دەوڵەتی یاسا و لیستی ئەلعێراقیەدا لە ئارادابێت، هەروەها خەلیل زاد باسی لەوە کردووە کە پێشنیاری ئاڵوگۆڕکردنی پۆستی سەرۆك وەزیران لە نێوان عەللاوی و مالیکیدا بکرێت بە ئالیەتێکی تەوافوقی کە ئەمەش شتێکی مومکینە، بۆ نموونە ئەم ئەزموونە لە وڵاتی مەغریبیشدا روویدا.

*** پێشتر پێشبینی دەکرا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت چەند مانگێك بخایەنێت، بە مەرجێك هیچ ئاڵۆزیەك روونەدات، بەڵام لە حاڵەتی روودانی ئاڵۆزیدا ئایا ئەم پرۆسەیە تا چەند درێژە دەکێشێت؟**

- لە راستیدا کەس ناتوانێت دەقا و دەق ئەوە دیاری بکات کە ئەم پرۆسەیە چەند درێژە دەکێشێت، بەڵام ئاشکرایە لەوە زیاتر دەخایەنێت کە پێشبینی دەکرێت، چونکە کۆمیسۆنی باڵا رایگەیاند کە هەڵدەستێت بە فەرزکردنەوەی دەنگەکانی ١١ هەزار بنکەی دەنگدان لە بەغدا و ئەمەش هەفتەیەك دەخایەنێت، کەواتە دوای فەرزکردنەوەی دەنگەکان دوو مانگ بەسەر هەڵبژاردندا تێدەپەڕێت بێئەوەی موسادەقە لەسەر ئەنجامەکانی کرابێت. هەروەها ئێمە دەزانین کە پێکهێنانی حکومەتی پێشو نزیکەی ٣ مانگ و نیوی خایاند، لەم روانگەیەوە ئەوا پێکهێنێنانی ئەم حکومەتە کاتێکی زیاتری دەوێت.

*** تاوەکو ئێستا لیستی دەوڵەتی قانون داوا دەکات و پێداگیری دەکات لەسەر دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك کاریگەری دەبێت لەسەر دواخستنی پرۆسە سیاسییەکە و ئایا دادگای باڵا بەم داواکاریە رازی دەبێت؟**

- ئێمە دەزانین بڕیاری ئەوە دراوە کە تەنیا دەنگی پارێزگای بەغدا فەرزبکرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا مالیکی داوای دەکرد دەنگی پێنج پارێزگا لە نێویاندا دیالە و سەڵاحەددین، لەبەر ئەوەی لیستی دەوڵەتی قانون باوەڕی وایە کە جەماوەرێکی شیعە هەیە لەم پارێزگایانەدا،

بۆ نموونە ئیئتیلافی نیشتمانی سێ کورسی پارێزگای دیالەی بردووە، لە کاتێکدا مالیکی هیچ کورسیەکی ئەم پارێزگایانەی بەدەست نەهێناوە، کەواتە مەسەلەکە تەنیا لەگەڵ لیستی ئەلعێراقیەدا نییە. هەروەها ئەم بڕیارەی دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان لە ژێر گوشاری مالیکی یان لە ئەنجامی سەفقەیەکی سیاسیدا دراوە و چەند زانیاریەك لە ئارادابوون باسیان لەوەدەکرد کە مالیکی ئامادەبوو هێز بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بچێتە ئەو بنکانەوە و کۆمیسیۆن ناچار بکات دەنگی ئەو بنکانە فەرزبکاتەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە هێزەکانی ئەمەریکا سندووقەکانی ئەو بنکانە دەپارێزن. لە لایەکی دیکەوە بەپێی ئەو زانیاریەی بە من گەیشتوون ڕەنگە لە ئەنجامی دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان کورسیەکی ڕەوتی سەدر بدرێتەوە بە مالیکی، ئەگەرچی پێشبینی گۆڕانی گەورە ناکرێت لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە. کەواتە ئەم کارە بە فشاری مالیکی دەکرێت و ئەمەش شکاندنی سەربەخۆیی کۆمیسیۆنە، هەرچەندە باوەڕم وانییە کۆمیسیۆن کارێکی لەوە زیاتر بۆ مالیکی ئەنجام بدات.

*** بەپێی ڕاوبۆچونی چاودێرە سیاسییەکان تەنانەت لە حاڵەتی یەکگرتنی هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانی، مالیکی دەستنیشان ناکرێتەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران، ئایا لەو کاتەدا مالیکی ئامادە دەبێت دەست لەم پۆستە هەڵبگرێت و ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم یەکگرتنە سەرکەوتوو دەبێت؟**

- باوەڕم وایە دەبێت مالیکی دەست لەم پۆستە هەڵبگرێت، لەبەر ئەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق دژی مالیکین، تەنانەت ئەو لایەنانەی لە ڕابردوودا هاوپەیمانی بوون، بۆ نموونە ڕەوتی سەدر خەتێکی نیچمە سووری لەبەردەم مالیکیدا کێشاوە. لەبەر ئەوەی هاوپەیمانە شیعەکانی هەست دەکەن لە لایەن مالیکیەوە پەراوێز کراون، هەروەها سوننەکان کە پێشتر جڵەوی دەسەڵاتی مەرکەزی عێراقیان بەدەستەوەبوو مەترسیان هەیە لە حکومەتێکی مەرکەزیی کە شیعەکان باڵادەست بن بەسەریدا، هەروەها کوردەکانیش نیگەرانن لە بوونی حکومەتێکی مەرکەزی کە ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا لە دژیان هەڵگەڕێتەوە، کە ئێمە دەزانین مالیکیش بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ گەڕاندنەوەی مەرکەزیەت دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هێزێکی دیکەی بە مالیکیدا و ئەو ڕاستیەی بۆ هەموو لایەنەکانی ڕوونکردەوە کە ئەگەرچی بەرهەڵستی دەکەن، بەڵام ناچاردەبن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن ئەگەر هاتوو وەك سەرۆك وەزیران مایەوە. بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە دووبارە دەرفەتی زیندووکردنەوەی دژایەتیکردنی مالیکی دروست کردەوە و ئێستاش لە پشت کەوالیسە سیاسییەکانەوە لە بەغدا باس لە نزیکبوونەوەی لیستی ئەلعێراقیە و لیستی دەوڵەتی قانون دەکرێت، بەڵام باس لەوەش دەکرێت کە بەدیلێکی دیکە بۆ هەر یەکە لە عەللاوی و مالیکی بدۆزرێتەوە.

*** بەڕێز ئەلحەکیم باس لەوە دکات کە دەبێت سەرۆك وەزیرانی پێشوو لەسەر ئاستی نیشتمانی و جەماوەری پشتگیری لێبکرێت، ئەمەش بە مانای دوورخستنەوەی مالیکی و عەللاوی دێت، ئایا بە ڕای ئێوە ئەو کەسە کێیە کە ئەم پۆستە وەردەگرێت لە داهاتوودا؟**

- لە ڕاستیدا ناتوانم پێشبینی کەسێکی دیاریکراو بکەم، بۆ نموونە باس لە عەلی ئەدیب، حەیدەر عەببادی، تەنانەت قاسم داودی و محەمەد جەعفەر ئەلسەدر دەکرێت، بەڵام لێرەدا دەڵێم با بیر لە لایەنە لاوازەکە بکەینەوە نەك بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە دەکرێت کەسێك لە ناو ئیئتیلافی نیشتمانی بۆ ئەم پۆستە بپاڵێورێت، بەڵام ناتوانم کەس دەستنیشان بکەم.

*** ئەگەر لیستی دەوڵەتی قانون بە مەرجەکانی ئیئتیلافی نیشتمانی ڕازی نەبێت، ئایا چ پێشبینییەك دەکرێت لە بارەی تەواوفوقی نێوان ئەم دوو لیستە؟**

- ئەوە ڕوونە کە ئێران گوشاری خۆی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی ئەم دوو لایەنە بەرەو یەکگرتن هەنگاو هەڵبگرن، واتە ئێران لەم ڕووەوە خوازیاری کەسبکردنی کاتە و هەوڵدەدات ئیئتیلاف بەرەو لیستی ئەلعێراقیە هەنگاو نەنێت. لە لایەکی دیکەوە دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە سروشتی پێکهاتەی ئەلعێراقیە بە چەشنێکە کە ئاسان نییە بتوانێت هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بکات، بۆ نموونە بوونی ئوسامە نوجەیفی لە نێو ئەم لیستەدا دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاستەنگ لە بەردەم پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا، بە هەمان شێوە هەندێ لایەنی دیکە هەن لەم لیستەدا ڕێگرن لەبەردەم دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتیلافدا. هەر ئەمەش هۆکاری پێداگیری ئەم لیستەیە کە تەفسیری ماددەی ٧٦ی دەستوور بەو شێوەیە بکات کە ماف بە لیستی براوە دەدات بۆ پێکهێنانی حکومەت، نەك ئەو لیستەی زۆرینەی هەیە لە پەرلەماندا. کە ڕەنگە لەم ڕووەوە چارەسەرەکە لەبەریەکهەڵوەشانەوەی لیستی ئەلعێراقیە و دووبارە پێکهێنانەوەی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت تەجاوزی ئەم دژواریانە بکات.

*** لە حاڵەتی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لە نێوان ئەلعێراقیە و ئیئتیلافی نیشتمانی و کوردەکان و بەشدای نەکردنی لیستی دەوڵەتی قانون، ئایا مالیکی ئامادەیە بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێت؟**

- پێموایە لەم حاڵەتەدا ناچار دەبێت. بۆ نموونە ئێوە دەزانن کە کوشتنی هەردوو سەرکردەکەی ئەلقاعیدە لە عێراقدا ڕاگەیەنراوە و باس لەوە دەکرێت کە هێزەکانی عێراق ڕۆڵیان هەبووە لەم پرۆسەیەدا، بەڵام بە باوەڕی من هێزەکانی ئەمەریکا ڕۆڵی گەورەتریان بینیوە لەم ڕووەوە، ئەم کردەوەیە گرنگیەکی ڕەمزی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هێشتا زەمانەتی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی زەمانەتێکی ئەمەریکیە، مەبەستم ئەوەیە بەهۆی بوونی ئەمەریکیەکان لە عێراقدا مالیکی ناتوانێت تاکڕەوی بکات، ئەمە شتێکی قبوڵنەکراوە و مومکین نییە.

*** کوردەکان پێکهاتەیەکی گرنگن لە عێراقدا و ئامادەن لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا هاوپەیمانێتی ببەستن، ئەویش لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، ئایا تا چ ڕاددەیەك لایەنەکانی دیکە وەڵامی ئەم داواکاریانەی کوردەکان دەدەنەوە؟**

- لە ڕاستیدا کێشەکە ئەوە بووە کە هەموو جارێك و لە سەروەختی پێکهێنانی حکومەتدا بەڵێن بە کوردەکان دراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و دواتر حکومەتی عێراقی پشتی لەم بەڵێنانە کردووە، لەبەر ئەوە باوەڕم وایە دەبێت ئاسۆی بیرکردنەوەی خۆمان فراوان بکەین و بیر لە چارەسەرێکی ئاڵۆزتر بۆ ئەو کێشەیە بکەینەوە، مەبەستم ئەوەیە بەو سادەییە چارەسەرەکە تەرح ناکەین، کە یان دەبێت کەرکوك ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان یاخود لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا بمێنێتەوە بە تایبەتی ئێمە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی شارەکەمان بینی کە چۆن بوو.

*** ئایندەی پرۆسە سیاسییەکە چۆن دەبینیت؟**

- دەڵێم هێشتا ڕۆشنبیری سیاسی لە عێراقدا ڕۆشنبیرییەکی تەقلیدیە، ڕۆشنبیری تاکڕەوی کردنە بە دەسەڵاتەوە، بەڵام هەڵبژاردنەکەی ئەمجارە و ئەو قەیرانەی ڕوویدا، دەرفەتێکی بۆ عێراقیەکان دروست کرد بۆ ئەوەی ئەم دۆخە تێپەڕێنن، بۆ نموونە ئێمە هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوومان ئەنجامداوە و عێراقییەکانیش هەستیان کرد ئەم سیستمێکە خۆیان بەشدارایان لە دروستکردنیدا کردووە و لەدەرەوە نەسەپێنراوە بەسەریاندا، بەڵام دەبێت ئێمە وەك نوخبەی ڕۆشنبیر و سیاسی هەوڵبدەین زەمانەتێکی نێودەوڵەتی بۆ بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیە بەدەست بهێنین.

سروشتی پێکهاتەی ئەلعێراقیە بە چەشنێکە کە ئاسان نییە بتوانێت هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بکات

دەبێت مالیکی دەست لەم پۆستە هەڵبگرێت، لەبەر ئەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق دژی مالیکین، تەنانەت ئەو لایەنانەی لە ڕابردوودا هاوپەیمانی بوون

هێشتا ڕۆشنبیری سیاسی لە عێراقدا ڕۆشنبیرییەکی تەقلیدیە، ڕۆشنبیری تاکڕەوی کردنە بە دەسەڵاتەوە

### دکتۆر عامر حەسەن فەیاز( بۆ گوڵان):

# هەژمارکردنەوەی دووبارەی دەنگەکان ئەوە دەخاتە روو کە پرۆسەی هەڵبژاردن هێشتا کۆتایی نەهاتووە

**پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق**

*** چۆن بارودۆخی پرۆسەی سیاسی عێراق دەبینیت دوای پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و تێڕوانینت بۆ داهاتووی عێراق چییە؟**

- پرۆسەی سیاسی دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە و خۆ ئامادەکردن بۆ پێکهێنانی حکومەت بەرەو ئەو ئاراستەیە چووە کە گفتوگۆیەکی تایبەتی لەخۆبگرێت لەبواری پێکهێنانی هاوپەیمانێتی، بەتایبەت دوای رەخنەکان و سەر لەنوێ جیاکردنەوەی دەنگەکانی پارێزگای بەغدا بەشێوەی دەستیی، لەم کەشوهەوایەدا بە تەئکید گفتوگۆ سیاسییەکان وا دەردەخات هەرچوار لیستە سەرەکییەکانی براوەی هەڵبژاردن بەتەنیا ناتوانن حکومەتی داهاتوو پێکبهێنن، بەبێ هاوپەیمانێتی. پێموایە داهاتووی ئەم پرۆسەیە بەرەو ئەگەری دوو ئەنجام دەچێت: یەکەم- پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانێتی چوارلایەنە کە لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتی هەرچوار لیستە براوە سەرەکییەکەی هەڵبژاردن دادەمەزرێت، شێوازی دووەمیش دامەزرانی حکومەتێکی ئیئتلافییە. لە هەموو بارودۆخێکدا گەر بێتوو حکومەتی داهاتووی عێراق پێکهێنرا لەسەر بنەمای چوار هاوپەیمانێتی یاخوود سێی، ئەوا هاوپەیمانی کوردستانی بەشێکی سەرەکی دەبێت لەپێکهاتەی حکومەتی داهاتووی عێراق.

هەر یەك لە لیستی ئەلعێراقییە و لیستی دەوڵەتی یاسا پێویستیان بە هاوپەیمانی کوردستان و ئیئتیلافی نیشتمانی هەیە، لەمەش دا پێویستە گوێبستی داواکارییەکانی ئەو دوو لیستە بن، گەر بێتوو لیستی ئەلعێراقییە یاخوود دەوڵەتی قانون لەگەڵ هەر یەك لە هاوپەیمانی کوردستان و ئیئتیلافی نیشتمانی هاوپەیمانێتیان پێکهێنا، ئەوا گفتوگۆ و هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستی چوارەم لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت کەچی دەوێت لیستی یەکەم نەك لیستی دووەم چی دەوێت، واتە گەر بێتوو هاوپەیمانێتی لە نێوان ئەلعێراقییە و هەریەك لە هاوپەیمانی کوردستان و ئیئتیلافی نیشتمانی روویاندا، ئەوا ئەلعێراقییە ئەوە پێشکەش ناکات کە دەوڵەتی قانون دەیەوێت، بەڵکو ئەوە پێشکەش دەکات کە خۆی دەیەوێت، سەبارەت بە دەوڵەتی قانونیش بە پێچەوانەوە راستە. پێشبینی چاوەڕوانکراو بۆ پرۆسەی سیاسی عێراق وا ئاسان نییە، بەتایبەت دوای ئەوەی هەژمارکردنەوەی دووبارەی دەنگەکان بەشێوەی دەستیی ئەوە دەخاتە روو کە پرۆسەی هەڵبژاردن هێشتا کۆتایی نەهاتووە.



**دکتۆر عامر حەسەن فەیاز مامۆستا لە زانکۆی بەغداو شارەزاو چاودێر لەپرۆسەی سیاسیی عێراق، لەوەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵاندا پێیوایە دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و جیاکردنەوەی دەنگەکان و دووبارە هەژمارکردنەوەی دەبێتە هۆی دواخستنی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، بەڵام گەر بێتوعێراقییەکان بەسەرکەوتوویی لە قەیرانی دامەزرانی حکوومەتی نوێی عێراق رزگاریان بێت، ئەوا داهاتوویەکی باش چاوەڕوانیان دەکات، هاوکات بەڕێزیان پێیوایە لەم پرۆسە سیاسییەدا کوردەکان کاراکتەرێکی سەرەکین و حکومەتی عێراق بێ بەشداری ئەوان دانامەزرێت و پێویستە داواکارییەکانیشیان لە رێگای گفتوگۆوە وتووێژی لەسەر بکرێت و جێبەجێ بکرێت.**

*** وا پێدەچێت پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ دامەزراندنی حکومەتی داهاتوو کاتێکی زیاتری بووێت، ئایا دواکەوتنی ئەم هاوپەیمانێتییانە چ کاریگەری لەسەر دامەزراندنی حکومەتی داهاتووی عێراق دەبێت؟**

- کردنەوەی دەرگای سەر لەنوێ جیاکردنەوەی دەنگەکان هەڵەیەکی گەورە بوو، چونکە تەنیا هەژمارکردنەوەی دەنگەکان بەشێوەی دەستیی لە پارێزگای بەغدا دوو هەفتەی پێدەچێت، بەتایبەتی گەر بێتوو ببێتە هۆی گۆڕینی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن و دووبارە بەرزبوونەوەی داواکارییەکانی هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی پارێزگاکانی تری عێراق لەلایەن لیستەکانی ترەوە، تەنانەت ئێستا لەلایەن هەریەك لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و ئەلعێراقییە رەخنە و داواکاری هەیە بۆ دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان لەچەند پارێزگایەکی تر..

بەمشێوەیە ئەو دۆسییەیە وا ئاسان نییە و دواتریش جیاکردنەوە و هەژمارکردنەوەی کارتەکانی دەنگدان بە شێوەی دەستیی، دەرئەنجامەکان وا بەخێرایی یەکلایی ناکاتەوەو ماوەی دەستووری و یاسایی دەوێت، لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجامەکان دەچەسپێت، دواتریش بۆ ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی نوێ کۆبێتەوە ٥- ١٠ رۆژی دەوێت و هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی ماوەیەکی تری دەوێت، بۆ ئەوەی سەرۆك کۆماریش دابنرێت یاخوود هەڵبژێردرێت، ئەمەش بەپێی ئەزموونی رابردوو کاتێکی زیاتری دەوێت، بەشێوەیەکی گشتی ماوەی دەستووری وا کورت نییە و چەسپاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەلایەنی کەمەوە ١٥ رۆژ دەخایەنێت، لەلایەکی ترەوە سەرۆکی دەوڵەت ١٥ رۆژی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی داوا لە گەورەترین هاوپەیمانێتی بکات لە ناو پەرلەمان تاوەکو حکومەت دامەزرێنێت، ئەزموونی پێشوو ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کێشە و ناکۆکییەکان لە دوا کاتژمێرەکانی

**گەر بێتوو حکومەتی داهاتووی عێراق پێکهێنرا لەسەر بنەمای چوار هاوپەیمانێتی یاخوود سێی، ئەوا هاوپەیمانی کوردستانی بەشێکی سەرەکی دەبێت لەپێکهاتەی حکومەتی داهاتووی عێراق**

**دامەزرانی حکومەتی نوێی عێراق دوو مانگ و نیوی پێدەچێت**

ڕۆژانی کۆتایی یەکلادەبێتەوە. دواتر لیستە هەڵبژێردراوەکان بەپێی دەستووور مانگێکیان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی پێکهاتەی حکومەتی نوێ رابگەیەنن. پێموایە لەم بارودۆخەدا دامەزرانی حکومەتی نوێی عێراق دوو مانگ و نیوی پێدەچێت.

### جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان

*** کوردەکان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا پێکهاتەیەکی سەرەکین، ئامادەیی تەواویشیان هەیە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرجەم لیستە براوەکانی هەڵبژاردندا، بەڵام مەرجی ئەوان بۆ بەشداریبوون جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە، چۆن لایەنەکانی تر بەدەنگ ئەم داواکارییەوە دێن وجێبەجێی دەکەن؟**

- لەهەر حکومەتێکی داهاتووی عێراقدا لایەنی هاوپەیمانی کوردستانی بەشێك دەبێت لەو حکومەتە، چونکە بوونی هاوپەیمانی کوردستان بوونێکی یەکلاکەرەوەیە لەناو حکومەتی داهاتووی عێراق. پێموایە لایەنەکانی تر گەرچی زۆربەیان قەناعەتیان بەم داواکارییانە نەبێت، بەڵام پابەند دەبن بە داواکارییەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە، چونکە بوونی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بوونێکی پێویستە بۆ سەرجەم لیستەکانی تر بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی و دامەزراندنی حکومەت، لەو بڕوایەدام لیستە گەورەکانی تری عێراق بەدەنگ داواکارییەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە دێن، نزیکبوونەوەش لەهاوپەیمانی کوردستان بۆ ئەوە نییە داواکارییەکانیان بەسەریدا بچەسپێنن، بەڵکو بۆ ئەوەیە بە داواکارییەکانی رازی بن.

### هەڕەشەی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی

*** هەندێ ئاڵۆزی لە سەروبەندی ئەوەدان کە لە چوارچێوەی پرۆسە سیاسییەکەدا روویدەن، بە تایبەتی دوای لێدوانە راشکاوەکەی لیستی ئەلعێراقیە کە رایگەیاند بە یەکگرتنی هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانی ئەوان لە پرۆسە سیاسییەکە دەکشێنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك کشانەوەی ئەلعێراقیە دەبێتە هەڕەشە لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت؟**

- بەتەئکید راگەیاندنەکانی ئەگەری کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی لە چوارچێوەی لێدوانی نامەدروس و نابەرپرسانەوە دێن، چونکە چەمکی کشانەوە لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا بوونی نییە، کشانەوە تەنیا بەشداری نەکردنە لە حکومەت، سەرجەم لیستەکان جگە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەسەڵاتی تەشریعی بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراق دەکەن، تەنانەت گەر بێتوو لە ئۆپۆزیسیۆنیشدا بن، ئەمەش مەسەلەیەکی بنەڕەتییە، بۆیە هەڕەشەکان لەچوارچێوەیەکی نا رۆشنی و تێنەگەیشتن دێت لە کاری دیموکراتی و دوورە لە لێکۆڵینەوەی سیاسییەوە.

### نزامی سیاسی تەنیا لەحکوومەت پێك نایەت، بەڵكو سەرجەم بنەما سیاسییەکەی وڵات و بەدەزگا تەشریعییەکانیشەوە دەگرێتەوە

*** گەربێتوو ئەلعێراقییە هەڕەشەکەی جێبەجێ کردوو لە پرۆسەی سیاسی کشایەوە کە نوێنەرایەتی زۆرینەی عەرەبی سوننە پێك دەهێنێت، کە پێکهاتەیەکی سەرەکین لەعێراقدا ئایا تا چ رادەیەك وڵاتانی ئیقلیمی دەست لەناو کاروباری ناوخۆی عێراقدا وەردەدەن؟**

- ئەم ئەگەرە بەرێژەی ١٪ی واقیعی نییەو سەرکردەکانی لیستی عێراقییەش ئەو راستییە دەزانن: کشانەوەی لیستی ئەلعێراقییە لەپرۆسەی سیاسی عێراق دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، نەك تەنیا بۆ سەر لیستەکانی ترو چارەنووسی حکومەتی داهاتووی عێراق، بەڵکو بۆ سەر خودی لیستی ئەلعێراقییەش. لەگەڵ ئەمەشدا گەر بێتوو هەر پێکهاتەیەك لە پرۆسەی سیاسی بکشێتەوە مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

*** بەپێی هەندێك راوبۆچوونی چاودێرانی سیاسی ئەگەر هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی لەیەك لیستدا بۆ دامەزراندنی حکومەت یەکیانگرت، ئەوا رەنگە مالیکی دووبارە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران هەڵنەبژێردرێتەوە، ئایا تا چ رادەیەك هاورایت لەگەڵ ئەوەی مالیکی دەستبەرداری پۆستەکەی دەبێت ؟**

بەپێی لێدوانەکانی سەرکردەکانی هەردوو لیست بەتایبەتی لیستی دەوڵەتی قانون کاندیدکردنی کەسێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران تەوا فوقییە. هەڵبژاردنی هەر کەسێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران بەپێی گفتوگۆو رێککەوتن دەبێت و وتوویژو میکانیزمی دەوێت، دەکرێت چەندین کاندید هەبێت و هەردوو لا لەسەری رازی بن، لەکۆتاییدا کەسایەتییەك کاندید بکرێت بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران و ئەو کەسایەتییەش تایبەتمەندێتی هەبێت و، مەرج نییە تەنیا رزامەندی ئەو دوو لیستە هاوپەیمانیییەی لەسەر بێت، بەڵکو دەبێت سەرۆك وەزیرانی عێراق چێی رەزامەندی لیستەکانی تریش بێت بەتایبەتی لیستی هاوپەیمانی کوردستان .

*** جگە لە دکتۆر ئەیاد عەلاوی و دکتۆر مالیکی کێ کاندیدی ترە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق؟**

چەندین پێشنیار هەیە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆنموونە دکتۆر عادل عەبدولمەهدی، تەنانەت دەکرێت چەندین کەسایەتی تر هەبێت، لەلیستی دەوڵەتی قانونیش بەهەمانشێوە، مەرج نییە کاندید بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران رەزامەندی وڵاتانی دراوسێ و دەوروبەری پێوە بێت، بەڵکو مەرجە رەزامەندی وناوخۆیی هەبێت و عێراقییەکان خاوەنی سیاسەتێکی هاوسەنگ بن لەناوخۆو دەرەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کەسایەتی نوێ بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران.

*** ئەگەر هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانی لەسەر مەرجەکانی یەکتر رێك نەکەوتن، ئایا پێشبینیت چی یە بۆ هاوپەیمانێتی نێوان ئەلعێراقییەو ئیئتیلافی نیشتمانی؟**

پێشبینییەکان زۆرن و هەموو ئەگەرەکان لە ئارادایە، هەوڵەکانی یەکخستنی هەردوو هاوپەیمانی ( دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانی ) بەردەوامە، تەنانەت پێشبینی دەکرێت ئەلعێراقییەو دەوڵەتی قانون . لە هەموو حاڵەتێکدا هاوپەیمانی کوردستان بەشدار دەبێت.

*** پێت وایە دکتۆر نوری مالیکی بەشێوەیەکی ئاشتییانە دەستبەرداری پۆستی سەرۆك وەزیران دەبێت ؟**

دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لەپرۆسەی نوێی عێراقدا ئەزموونێکی نوێیە، پێویستە فێری مومارەسەکردنی دیموکراسی و پراکتیکی بین، پێویستە بزانرێت چۆن لیستی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لەچوارچێوەی پرۆسەی سیاسی دا مومارەسەی سیاسییانەی خۆیان دەکەن لەچوارچێوەیەکی ئاشتییانەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، دەکرێت لەم بوارەدا دەرگایەکمان بۆ بخاتە سەر پشت بۆ ئەوەی فێری مومارەسەی دیموکراتی بین .

*** دوایین پرسیارمان لە بەرێزت دەکەین، ئایا تێڕوانینت بۆ داهاتووی پرۆسەی سیاسی عێراق چییە؟**

گەر قەیرانی دامەزرانی حکومەت کۆتایی بێبێت و بەشێوەیەکی ئاشتییانە سەرکەوتوو بین لەپرۆسە سیاسییەکەی عێراقدا، داهاتوویەکی ئیجابی چاوەڕوانمانە.

سەرجەم لیستەکان جگە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەسەڵاتی تەشریعی بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراق دەکەن

کشانەوەی لیستی ئەلعێراقییە لەپرۆسەی سیاسی عێراق دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە

دەبێت سەرۆک وەزیرانی عێراق چێی رەزامەندی لیستەکانی تریش بێت بەتایبەتی لیستی هاوپەیمانی کوردستان

### وائیل عەبدول لەتیف بۆ گوڵان:

# هەموومان لە چوارچێوەی دەستووردا کاردەکەین، لەو باوەڕەدانیم کەسێک باوەڕی بە دەستوور نەبێت و لوتکەی دەسەڵات بگرێتەدەست


*** ئێستا هەست دەکرێت جۆرە ئاڵۆزییەك لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا لەسەر دەسنیشانکردنی پۆستی سەرۆك وەزیران دێتە ئاراوە، بەتایبەتی کە د.ئەیاد عەلاوی هەڕەشەی ئەوە دەکات ئەگەر هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و ئیئتلاف یەکبگرن ئەو لە پرۆسە سیاسییەکە پاشەکشە دەکات، ئایا راو بۆچوونی تۆ لەمبارەوە چییە؟**

- پێموایە ئەم لێدوانەی ئەلعێراقیە لێدوانێکی راست و دروست نییە، لەبەر ئەوەی بەپێی یاسا دەرفەتی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لە نێویان لایەنە جیاوازەکاندا رەخسێنراوە و هەر گرووپێك یان لایەنێك دەتوانێت بچێتە پاڵ لایەنێکی دیکە، لە راستیدا مەسەلەی کشانەوە لە پرۆسە سیاسییەکە مەسەلەیەکە بۆ خودی لیستی ئەلعێراقیە دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە هەڵوێستی ئیئتیلافی نیشتمانی ئەوەیە هەموو لایەنەکان بەشداریان پێبکرێت و هیچ لایەنێك دوورنەخرێتەوە یاخود پەراوێز نەکرێت.

*** بەشداری نەکردنی ئەلعێراقیە بە مانای پەراوێزکردنی عەرەبە سوننەکان دێت و ئەمەش دەبێتە هۆی دەستێوەردانی ئەو دەوڵەتانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر بارودۆخەکە بەم ئاراستەیەدا بڕوات، کۆتایی پرۆسە سیاسییەکە چۆن دەبێت؟**

- پێموایە ئەمە مەسەلەیەکی عێراقیە و پەیوەستە بە عێراقیەکانەوە، دەوڵەتە عەرەبییەکان و دەوڵەتە دراوسێکانی دیکە مافی دەستێوەردانیان نییە. دواتر هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلاف مافی خۆیانە هاوپەیمانێتی بکەن و زۆرینە پێکبهێنن، بە تێڕوانینی من وەسفکردنیان بە تائیفی لێدوانێکی راست نییە و ئەمانە پێکهاتەیەکی سەرەکین لە وڵاتەکەدا. لە لایەکی دیکەوە ئیئتیلافی نیشتمانی مافی بانگەشەی دوورخستنەوەی هیچ لایەنێکی نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوای ئەوەی کردووە لایەنەکانی دیکە بەشداربن و شەریك بن لە حکومدا، باوەڕم وایە عێراقییەکان ئەتوانن بگەنە چارەسەرێکی گونجاو لەم رووەوە.

*** ئایا تاچەند دروستبوونی ئەم ئیشکالیەتە کاریگەری لەسەر پرۆسە سیاسییەکە و دواخستنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دەبێت؟**



**وائیل عەبدول لەتیف ئەندامی پەرلەمانی پێشووی عێراق لەسەر لیستی ئەلعراقیە بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا نەیتوانی دەنگی پێویست بەدەست بهێنێت و ببێتەوە بە ئەندامی پەرلەمان، هەر بۆیە ئێمە لەم دیمانەیەدا بەڕێز وائیل عەبدولەتیفمان وەك سیاسەتمەدار و یاساییەك سەبارەت بە رەوشی سیاسیی ئێستای عێراق هێنایە ئاخاوتن و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**

- پێموایە ئەو ئیجرائاتەی ئێستا دەکرێت، رێوشوێنی یاسایی و دەستوورین، بۆ نموونە دەستەی تەمیزی کاتێك سەیری سکاڵا و تانەکانی کردووە، بڕیاری دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکانی پارێزگای بەغدای دەرکردووە، دواتر ئەم ئەنجامانە رەوانەی دادگای باڵادەکرێن، ئەم دادگایەش موسادەقەی کۆتایی لەسەر ئەنجامەکان دەکات، دواتر و دوای ١٥ رۆژ لەو موسادەقەیە سەرۆك کۆمار داوا دەکات پەرلەمان یەکەم دانیشتنی خۆی بکات، ئەو کاتە لایەنەکان دەتوانن هەوڵ و کۆششەکانی خۆیان خێراتر و چڕتربکەنەوە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لە پێناو دامەزراندنی حکومەت و رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان.

*** بەپێی راوبۆچوونی چاودێرە سیاسییەکان تەنانەت لە حاڵەتی یەکگرتنی هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانی، مالیکی دەستنیشان ناکرێتەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران، ئایا لەو کاتەدا مالیکی ئامادە دەبێت دەست لەم پۆستە هەڵبگرێت، ئایا تا چ رادەیەك ئەم یەکگرتنە سەرکەوتوو دەبێت؟**

- ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق باسی لە ناو و کەسایەتی نەکردووە، بەڵکو کۆمەڵێك پێوەر و رێسای داناوە کە پێویستە بەسەر ئەو کەسەدا جێبەجێ ببێت کە ئەم پۆستە وەردەگرێت، بۆ نموونە ئەگەر مالیکی ئەم پێوەرانەی تێدابوو، ئەوا لاری نابێت لەسەر ئەوەی دووبارە ئەم پۆستە وەربگرێتەوە، بە پێچەوانەوە بە دوای کەسێکی دیکەدا دەگەڕێت کە ئەم پێوەرانەی بەسەردا جێبەجێ ببێت.

*** ئایا پێداگیری سەرۆك وەزیران لەسەر دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی ٥ پارێزگا، نیشانەی بێئومێدبوونی مالیکی لە ئەگەری پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانیدا ناگەیەنێت؟**

- لیستی دەوڵەتی قانون پێیوایە مافی خوراوە و باوەڕی وایە کە نزیکەی ٧٥٠ هەزار دەنگ کێشەیان تێدایە، لەبەر ئەوە سکاڵای خۆی بردۆتە لای دەزگای قەزائی و ئەمەش مافێکە یاسا و دەستوور کەفالەتی دەکەن. ئێستاش ئەم دەزگایە بڕیاری دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکانی پارێزگای بەغدای دەرکردوە و دەبێت چاوەڕێ بکەین ئایا رێژە و ئەنجامەکانی لیستی دەوڵەتی قانون زیاتر دەبن، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە ئەو کاتە ئەم لیستە چ هەڵوێستێکی دەبێت.

*** ئەگەر لیستی دەوڵەتی قانون بە مەرجەکانی ئیئتیلافی نیشتمانی رازی نەبێت، ئایا چ پێشبینیەك دەکرێت لە بارەی تەوافوقی نێوان ئەم دوو لیستەوە؟**

- لە راستیدا ئێمە سەرقاڵی بنیاتنانی کاری دامەزراوەیی و کاری دەستوورین، هەر لەم روانگەیەوە ئیئتیلافی نیشتمانی کۆمەڵێك پێوەر و رێسای خۆی هەیە، لە راستیدا گرنگی نادات بەو سەرۆك وەزیرانەی کە کاری دامەزراوەیی و کاری دەستووری پشتگوێ دەخات و رێز لە رێککەوتنەکانی ناگرێت

هەڵوێستی ئیئتیلافی نیشتمانی ئەوەیە هەموو لایەنەکان بەشداریان پێبکرێت و هیچ لایەنێک دوورنەخرێتەوە یاخود پەراوێز نەکرێت

هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلاف مافی خۆیانە هاوپەیمانێتی بکەن و زۆرینە پێکبهێنن

لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا.

*** لە حاڵەتی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لە نێوان ئەلعێراقیە و ئیئتیلافی نیشتمانی و کوردەکان و بەشداری نەکردنی لیستی دەوڵەتی یاسا، ئایا مالیکی ئامادەیە بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێت؟**

- ئێمە دەزانین دەستوور و یاسا مەسەلەی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتیان یەکلاکردۆتەوە، واتە ئەگەر کەسێك نەتوانێت زۆرینە پێکبهێنێت و نەتوانێت حکومەت دامەزرێنێت، دەبێت ڕێگەخۆشبکات بۆ لایەنەکانی دیکە و لە پەرلەمانی وڵاتەکەدا ببێتە موعارەزە و بە شێوەیەکی ئاشتیانە هەڵبستێت بە موعارەزەکردنی حکومەتەکە.

*** بەڕێز ئەلحەکیم باس لەوەدەکات کە دەبێت سەرۆك وەزیرانی پێشوو لەسەر ئاستی نیشتمانی و جەماوەری پشتگیری لێبکرێت، ئەمەش بە مانای دوورخستنەوەی مالیکی و عەللاوی دێت، ئایا بە ڕای ئێوە ئەو کەسە کێیە کە ئەم پۆستە وەردەگرێت لە داهاتووی نزیکدا؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پتر پەیوەستە بە پاڵاوتنی ئەو کەسەوە لە لایەن لیستەکەیەوە، هەروەها بە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی تەواوفوقی لەسەر ئەم مەسەلەیە.

*** کورد پێکهاتەیەکی گرنگن لە عێراقدا و ئامادەن لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا هاوپەیمانێتی ببەستن، ئەویش لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، ئایا تا چ ڕادەیەك لایەنەکانی دیکە وەڵامی ئەم داواکاریانەی کوردەکان دەدەنەوە؟**

- پێموایە ئەگەر مەرجەکانی هاوپەیمانی کوردستانی بە ئاڕاستەی چەسپاندنی دەستووربن، ئەوا هەموو لایەك پێی ڕازی دەبن و ئەگەر لە دەستووریش دەربچن، ئەوا باوەڕناکەم هیچ لایەنێکی سیاسی قبوڵی بکات، چونکە ئێمە هەموومان لە چوارچێوەی دەستووردا کاردەکەین و لەو باوەڕەدانیم کەسێك لوتکەی دەسەڵات بگرێتەدەست کە باوەڕی بە دەستوور نەبێت و باوەڕی بە بنەما جێگیرەکانی کاری نیشتمانی نەبێت.

*** ئایندەی پرۆسە سیاسییەکە چۆن دەبینیت؟**

- بە دڵنیاییەوە پرۆسە سیاسییەکە ئاڵۆزی تێدایە، بەڵام هیوادارین عێراقیەکان بتوانن بە حیکمەتی خۆیان ئەم کێشانە چارەسەربکەن، چونکە ئێمە لە ڕابردوودا توانیمان چەندین گرێکوێرە چارەسەربکەین و ئومێدەواریشم بتوانین بەسەر کێشەی ئەم جارەشدا زاڵبین و هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین.



**ئەو ئیجرائاتەی ئێستا دەکرێت، ڕێوشوێنی یاسایی و دەستوورین، بۆ نموونە دەستەی تەمیزی کاتێک سەیری سکاڵا و تانەکانی کردووە**

**کەسێک نەتوانێت زۆرینە پێکبهێنێت و نەتوانێت حکومەت دامەزرێنێت، دەبێت ڕێگەخۆشبکات بۆ لایەنەکانی دیکە**

**مەرجەکانی هاوپەیمانی کوردستانی بە ئاڕاستەی چەسپاندنی دەستووربن، ئەوا هەموو لایەک پێی ڕازی دەبن**

مایکل گەنتەر بۆ گوڵان:

# لەو سەرکەوتنانە بڕوانن کە بەدەستتان هێناوە، ژیرانە و بوێرانە ڕەفتار بکەن، داهاتوویەکی گەشبینانە چاوەڕێتان دەکات



**پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی پەنسلڤانیا و وانەبێژە لە زانکۆی نەمسا، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد و تورکیا و هەروەها عێراقیش، پرۆفیسۆر گەنتەر ناوێکی ناسراوە لە نێو میدیاکانی کوردستاندا، سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای عێراق و کێشەکانی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەگەری دواکەوتنی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو.**

بارزانی خوازیاری ئەوەنییە تەنها پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یان تورکیا ببەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەشدا پەرە پێبدات

هەمیشە لایەنی دۆڕاو داوای دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان دەکات

*** دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان؟ باروودۆخی عێراق چۆن دەبینیت؟؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دڵنیانین لەوەی ئایا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبنە هۆی ئەوەی ئێمە بەرەو دۆخێکی سەقامگیر و دیموکراتی هەنگاو هەڵدەگرین، یاخود هەلومەرجێکی ناسەقامگیر دروست دەبێت و کێشەیەکی گەورە بۆ کوردەکان دروست دەبێت. هەروەها زۆر کەس باس لەوە دەکەن کە تاوەکو کۆتایی وەزری هاوینی داهاتوو حکومەت لە عێراقدا پێکناهێنرێت، واتە تاوەکو کۆتایی مانگی ئەیلوول.

*** بەڵام لە مانگی ئابدا هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکشێنەوە، ئایا ئەگەر حکومەت تا ئەو کاتە پێکنەهێنرا، ئەمەریکا پێداچوونەوە بە بڕیاری کشانەوەی ئەو هێزانە دەکات؟**

- باوەڕم وایە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەمەریکا بەشێك لە هێزەکانی لە عێراقدا دەهێڵێتەوە، ئەگەرچی لە دەرەوەی شارەکاندا دەبن، بەڵام ئامادە دەبن بۆ هەر دەستێوەردانێك ئەگەر هاتوو باروودۆخەکە ئاڵۆز بوو و حکومەتی عێراق داوای هاوکاری لەم ڕووەوە کرد.

*** بەپێی بیروبۆچوونی ئێوە، تا چ ڕاددەیەك دەوڵەتە دراوسێکان کاریگەرن لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ؟**

- پێموایە عێراقییەکان و تەنانەت شیعەکانی عێراقیش فەرمان لە ئێرانەوە وەرناگرن، لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من ئاست و ڕاددەی دەستڕۆیشتوویی دەوڵەتە دراوسێکان بەو شێوەیە نییە کە هەندێ کەس پێشبینی دەکەن.

*** چۆن لە هەڵوێستی ئەمەریکا دەڕوانیت لە هەوڵەکانیدا بۆ هاندانی دەوڵەتە عەرەبییەکان بۆ ئەوەی پشتگیری چەند لایەنێکی عێراقی بکەن بە مەبەستی کەمکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك سعودیە کاریگەری لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە بەشێکە لە هۆکارەکە، هەروەها پێموایە سەردانی بارزانی بۆ وڵاتی سعودیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بارزانی خوازیاری ئەوەنییە تەنها پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یان تورکیا ببەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەشدا پەرە پێبدات بۆ ئەوەی پێگەیەکی باشتر بە هەرێمی کوردستان بدات لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی.

*** بەشداربوونی کوردەکان گرنگە، بەڵام مەرجی ئەوان بۆ بەشداربوون جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە. کەواتە چۆن لایەنەکانی دیکە وەڵامی ئەم داواکارییەی کورد دەدەنەوە؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لەم پرسە بڕوانین، ئەوا دەتوانین بڵێین بە بەراورد بە ڕابردوو کوردەکان گرنگیەکی کەمتریان دەبێت لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، لەبەر ئەوەی نوێنەرایەتیەکی کەمتریان دەبێت لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، هەروەها هێشتا ڕوون نییە ئایا پۆستی سەرۆکی عێراق وەردەگرنەوە یان نا، کە لەم ڕووەوە گفتوگۆکان بەردەوامن.

*** یەکێك لە مەسەلەکانی دیکە کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئاڵۆزکردنی دۆخەکە، ئەویش داواکاری سەرۆك وەزیرانە بە دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی ٥ پارێزگا، کە ڕەنگە ئەمە نیشانەی بێئومێدبوونی مالیکی بێت لە هاوپەیمانێتی دروستکردن لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانیدا، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕاددەیەك ئەم داواکاریە ئاڵۆزبوونێ لە هەلومەرجە سیاسییەکەدا دەخوڵقێنێت؟**

- هەمیشە لایەنی دۆڕاو داوای دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان دەکات، بەڵام پێموانییە ئەم داواکاریەی مالیکی هیچ ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئاماژەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەنجامەکان وردبوون. هەروەها ئەگەر لە ڕووی عەمەلیەوە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بڕوانین، ئەوا دەبینین کە عەللاوی و مالیکی تا ڕاددەیەك یەکسانن، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین گفتوگۆکان ئەم مەسەلەیە یەکلابکاتەوە.

*** ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە هاوکێشە سیاسییەکە گۆڕا و حکومەت پێکهێنرا و کوردەکان بەشداریان نەکرد، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئایندەی عێراق بکەوێتە ژێر پرسیارەوە؟**

- کوردەکان حکومەتی هەرێمیان هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر عێراقیش هەرەس بهێنێت، یاخود بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆریەت،



ئەوا کوردەکان ئۆتۆنۆمیان هەیە و تەنانەت دەتوانن سەربەخۆییش بەدەست بهێنن، کەواتە کوردەکان حکومەتی هەرێمیان هەیە، دۆستایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تا رادەیەك دۆستایەتی تورکیاشیان هەیە. لەم روانگەیەوە هەمیشە ئەوەم وتوە کە دەبێت سەرکردە کوردەکان ژیرانە و زیرەکانە رەفتار بکەن و ئەوەندەی پێیان دەکرێت کار بکەن بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی، ئەگەر عێراق پارچە پارچە بێت، ئەوا کوردەکان حکومەتی خۆیان هەیە.

*** تا چ رادەیەك هەڵوێستی لیستە کوردییەکان لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا هەڵوێستێکی یەکگرتوو دەبێت؟**

- لە کێشەکانی پەیوەست بە کورددا هەڵوێستی لیستی گۆڕان هەمان هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستانی دەبێت.

*** ئێمە دەزانین کە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە بێ چارەسەر ماونەتەوە، ئایا هیچ ئەگەرێك هەیە بۆ ئەوەی حکومەتی داهاتوو بتوانێت ئەم کێشەیە یەکلابکاتەوە و کوردەکانیش لەم رووەوە هەنگاوی پێویست بنێن ؟**

- گەشبینم لەم رووەوە، لەبەر ئەوەی عێراق بە چەندین دۆخی سەختدا تێپەڕی، بەڵام هەموو لایەنەکان کاریان بۆ ئەوە کرد کە داهاتوویەکی باشتر بۆ وڵاتەکە بهێننەدی، لەبەر ئەوە گەشبینم بەوەی داهاتوویەکی باشتر چاوەڕێی عێراق دەکات، هەرچەندە نازانم دەقا و دەق ئەو ئایندەیە چۆن دەبێت. هەر لەم روانگەیەشەوە پێموایە دەبێت کوردەکان هەموو توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی عێراقێکی فیدراڵ و دیموکرات دروست ببێت.

*** ئەو کەسانەی پاڵێوراون بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرن، هەموویان لەگەڵ گەڕاندنەوەی مەرکەزیەتن بۆ عێراق، ئەمە لە کاتێکدا دەستووری عێراق باس لەوە دەکات عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵیە، ئایا تا چ رادەیەك گەڕاندنەوەی مەرکەزیەت پێشێلکردنی دەستووری عێراقە؟**

- دەبێت کوردەکان مەسەلەی فیدراڵیەت و بەردەوامبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هێڵی سوور دابنێن، واتە دەکرێت فیدراڵیەت لە هەرێمی کوردستاندا پیادە بکرێت، بەڵام باقی بەشەکانی دیکە حکومەتێکی مەرکەزی حکومڕانی بکات، دەبێت ئەمە سازشەکە بێت نەك سازش لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت. واتە دەکرێت سازش لەسەر کەرکوك و ماددەی ١٤٠ بکەن، بەڵام ناکرێت سازش لەسەر مەسەلەی فیدراڵەت و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن.

*** دوا وتەت چییە؟**


- راسپاردەی من ئەوەیە ئەو راستیەتان لەبەرچاوبێت کە ئەوەی ئێستا ئێوە بەدەستتان هێناوە لە رابردوودا وێنەی نەبووە، لەوانەیە ئێوە باسی ئەوە بکەن کە کێشەتان هەیە، بەڵام لەو سەرکەوتنانە بڕوانن کە بەدەستتان هێناوە، لەبەر ئەوە ژیرانە و بوێرانە رەفتار بکەن، ئەو کاتە داهاتوویەکی گەشبینیانە چاوەڕێتان دەکات.

**ئەگەر عێراق پارچە پارچە بێت، ئەوا کوردەکان حکومەتی خۆیان هەیە**

**هەڵوێستی لیستی گۆڕان هەمان هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستانی دەبێت**

**دەکرێت سازش لەسەر کەرکوک و ماددەی ١٤٠ بکەن، بەڵام ناکرێت سازش لەسەر مەسەلەی فیدراڵەت و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن**

# ئایا زەردەشت کوردە؟



**فەلەكەدین كاكەیی**

**(٢-٣)**

لەسەدوپەنجا ساڵی دواییدا لێكۆڵینەوەی پوخت و ورد لەسەر كولتووری زەردەشت، بەتایبەتی ئاوێستا بە ئەنجام گەیشتوو و لقێكی زانستی بەناوی ئاوێستا لۆجی خەریكە ڕیشە دادەكوتێ.

پورداود و ئەكبەری جەعفەری و هاشم ڕەزی و د. فەرهەنگ میر و جهانگیر ئوشیری و د. عبدالعقیم رچائی و چەندین موریدی زەردەشتیی ئێران و هیندستان توێژینەوەی زانستیانەیان لە بارەی ئاوێستاوە پێشكەش كردووە، جگە لە زاناكانی رووسیایی و ئەلم انیایی و عەرەبی و هی دیكە، خۆشبەختانە، ئێستا لە میسر سەرچاوەی دەوڵەمەند لەبەردەستدان، بۆ نموونە، چەندین كتێب بە زمانی عەرەبی دەربارەی دیانەتی زەردەشتی دانراون وەك:

- زەردەشتی: عەقیدە و مێژوو شەریعەت(بە زمانی عەرەبی) لە نووسینی خالد سەید محەمەد غانم، بڵاوكراوەی (خگوات) دمشق، ٢٠٠٩ ز .
- زەردەشت و زەردەشتییەكان، د. الشیخ الماحی أحمد( بە عەرەبی) لە ئەنتەرنێت وەرگیراوە و كراوە بە كوردی.
- زەردەشتی دانا(بە عەرەبی) نووسەرێكی میسری و لە هەر كتێبێك لەسەر ئایینەكانی جیهان دەربارەی زەردەشتی دەنووسن، لە سوریا، ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یەكەمین جار كتێبێكی (٩٨٩) لاپەڕەیی بەناوی (أڤیستا/ ئاڤیستا) بە ڕەزامەندی وەزارەتی ڕاگەیاندن، بە زمانی عەرەبی دەرچوو لە دانانی د. خلیل عبدالرحمن/ە،ناوبراو دەرچووی فەلسەفەیە و چەند وەرگێڕ و نووسەری ژن و پیاو، كە بەلای منەوە گرنگترین دانانی عەرەبییە لە بارەی زەردەشت و فەلسەفە و كولتوورەكەیەوە، لێكۆڵینەوە و ئەنجامگیریی زانایانی پسپۆڕی رووس و ئەلمان و ئینگلیزی و فەرەنسی و هی تر و لە چەندین لاپەڕەدا لەسەر(زمانی ئاڤێستا) چەند وادەبەستێ و لیستێك واژەی بەراورد لەگەڵ زمانی ئەمڕۆی كورد دێنێتەوە، تا بیسەلمێنێ كە زمانی كوردی لق وپۆپی هەمان درەختی زمانی میدیایی و زەردەشتییە.

جگە لەو واژە و وشانە كە هێناونی، من لەمیانی خوێندنەوەكانمدا سەدان وشەی دیكەی ئاڤێستاییم بەرچاو كەوتوون كە ئەمڕۆ هاودەنگ و هاوتا و هاوڕیشەیان لە شێوەزارە جۆر بەجۆرەكانی كوردی دەبینرێن.

لە ڕاڤەی تێكستی بەشەكانی ئاڤێستا لەلایەنی پسپۆرانی زەردەشتیناسەوە دەیان وشەی كوردی ئەمڕۆ دەبینین لەگەڵ هەندێ دەنگەگۆڕكێ. وەكو د. محمد أمین هەورامانی كە لە فەرهەنگی (ئاریانفاچ)، كە ناوی لێناوە (فەرهەنگی.. كوردیی كۆن و كوردیی نوێ).دا

((ئـەو فەرهەنگە ســالّی ٢٠٠٨ لەلایەنــی وەزارەتی رۆشــنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە چاپ دەرچوو)) دەڵێت کە چەندین دەنگ جێگەگۆرکێ دەکەن و نموونەی زیادی هێناوەتەوە.

فەرهەنگی (ئاریانفــاچ) ئەگەر بە وردی تەماشــای بکرێــت، ئیــدی لەوە دەچــێ هیچ گومانێــك نەهێڵێ وێکچــوون و خزمایەتیی هەرە نزیکی زمانی ســەردەمی میدیا و ئاڤێســتا لەســەرێکەوە و زمانی ئەمڕۆی کورد لەسەرێکی دیکەوە.

لەلای مــن گومانی نەماوە و لــە یەکبوونی ئەو دوو زمانانە دڵنیابوومە.

ئومێدەوارم پێوەندارانی زمــان و کولتووری کوردی لەو راستییە بکۆڵنەوە.

جگە لەو لیســتەی لە کتێبی عەرەبی ( إڤیستا)ی د. خلیــل عبدالرحمن هاتووە، ئەوا لە فەرمانگی هەر ســێ بەرگی (ئاریانفــاچ) کە هەمــووی (٢٨٠٩) لاپەڕەنە،بە ئاســانی وشەی هاوتای کۆنی ئارایی، میدیایی، و نوێی کوردی ئەمڕۆ، دەبینین.

هەر بۆ نموونە: بەسەرپێی ئەم چەند وشەیە دەنووسمەوە، دواجاریش باســی لێکۆڵینــەوەی، د. هەورامی لە بارەی دەنگ گۆڕکێی وشــەکانی کۆن و نــوێ ئەکەم لەگەڵ تێبینییەك کە پیتی (ئە) دەچێتە ســەر وشــە و ماناکای پێچەوانە دەکاتەوە..).

| کوردی کۆن(ئاڤێستایی) | کوردی نوێ |
|---|---|
| - ئابەرەتەر | ئاوردە، هاوردە |
| - ئەچــار | ناچار(لەوێدا (ئــە) وەکــو (ئەنتی) و(نەن)ی ئینگلیزییە. |
| - ئەچاریی | ناچاری |

| کوردیی کۆن | کوردی نوێ |
|---|---|
| ئەدان | نادان، نەزان، کەواتە(دان) زانینە. |
| ئــە دەرت | بێــدەرد (دەنگ گۆڕکێی (ق) و(د) بووەی. |
| ئەدات | بێداد، بێقانوون، دات= داد |
| ئەڤــکار | بێکار، بێ ئیــش، بەتاڵ، واتە(کار) هەرکارە. |
| ئەڤرۆز | رۆشن، پرشنگدار، رۆز= رۆژ |
| ئەفسون | ئەفسون |
| ئەفسۆس | داخ، بەداخەوە، داخی داخان. |
| ئەڤچار | هەوجار(کەرەستەی جووتکردن) |
| ئافەرینە | ئافەرین، ئافەرم. |
| ئەهۆش | بێهۆش |

| | |
|---|---|
| هورما | خورما |
| هێزۆم | هێزم، داری سووتاندن |
| هێت | هەیت، واتە: تۆ هەیت. |
| هێمێت | ئومێد،ئاوات،ئامانج |
| هێند | هەن وەك بڵێ: ئەوان هەن... |
| هێر | هەر وەك بڵێیت هەر کەسێ، هەر پیاوێ |
| هۆش | بیر، عەقڵ، ئاوەز، هۆش تێگەیشتن. |
| هۆشــئەدیار | هۆشیار، عاقڵ، زانا، دانا. هەروەها لە ئەسڵدا وەك (هۆشیار)یش هاتووە. |
| هۆشدارشتار | هۆشدار، هۆشمەند، بەهۆش، وریا |
| هۆشداشتاریی | هۆشداریی، وریایی، زیرەکی |
| هۆشیتەن | تێگەیشتن، پێزازنین. |
| کوردیی کۆن | کوردی نوێ |
| هووزڤان | هۆزڤان(شــاعیر) هۆزانڤان، خوتبەدەر، قسە زان. |
| هووزڤانی | قسە زانی، شاعیریی، قسەڕەوانی |
| هەمبار | هەمار(عەمبار) هومار، ئەنبار، کەنوو. |
| هەمهەمــان | هەمزەمــان، هاوزەمــان، هاوشــان، هاوچەرخ |
| هەمدا تســتانی | هاوداستانی، داتسان= دان و ستان، هاو باوەڕی، هاوبیریی، |
| هامدێــن | هاودیــن، هاوبڕاو، هــاو هەقیدە. دین= واژیەکی روت و پەتی ئاڤێستاییە. |
| فرێهیست | زۆرترین، فراوانترین |
| فرەزندە | فرزند، منال کوڕ و کچ. |
| فرایــەر | فراڤیــن، کاتی خواردین نانی بەیانی، پێش نیوەڕۆژ |
| فەرمانگەر | ئیشکەر، فەرمانکەر، گوێڕایەڵ. |
| فەرەنجی | لە خوری دروست دەکرێت، کەلەپووری مادەکانە. |
| گاســی(گاپا= گاتا) | سروودی، ســتران، گۆرانی |
| گازی | جێــگا، پلــە و پایە، هەروەها پلــە و پایە، تەخت کۆڵەکە، تەختی خەو. |
| درۆزەن | درۆزن، ناڕاست |
| درۆڤ | درۆ، درە و، ناڕاست |
| دروستکاریگەر | دروستکار، دروستکردنەوە |
| دۆست | دۆست، برادەر، دڵسۆز |
| دۆشــارم | خۆشەویســتی، عاشــقی دۆستایەتی خۆشی، رێز و ئیحترام. |
| سەت | سەد |
| دوو سەت | دوو سەد |
| داتوەر | دادوەر. دادگەر، قازی.... |



# سەرکەوتنی ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناویندا باشترین ڕێگەیە بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی

گومان لەوەدانییە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکە دەبێتە یەکێك لەو ناوچانەی مەترسی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی تێدا دەگاتە ئاستێکی ئەوتۆ کە جێگەی مەترسی بێت، هەم بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و هەم بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، لەمەش ترسناکتر لەبەرئەوەی گەیشتنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەو ئاستە جێگەی مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ گرووپە تیرۆریستەکان دەستیان بگاتە ئەم چەکە ترسناکەو هەڕەشەی لە مرۆڤایەتی پێبکەن، ئەمەیان مەترسییەکە دەباتە ئەو ئاستەی بەتەواوەتی داهاتووی مرۆڤایەتی بخاتە مەترسییەوە، بەتایبەتی کە تیرۆریستان ئەوەی بەردەستیان کەوتبێت بەکاریان هێناوە، وەك تەقاندنەوەی فرۆکەخانە و تونێل، تەقاندنەوەی ئوتۆمبێل و خۆتەقاندنەوە، ئەمانە هەموویان کاری خۆکوژین و دژی مرۆڤایەتی ئەنجامی دەدەن، بۆیە گرنگە هەموو هەوڵە مرۆڤایەتی و نێودەوڵەتییەکان لە پێناوی ئەوەدا بێت ڕێگە لەم چەکە بگیرێت، بەڵام ڕێگرتن لەم چەکە هێندەی بە شێوازی سیاسیانە و سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی ئەنجام دەدرێت بەرێگەی دیکە ئەنجام نادرێت.


STOP
Subcritical
Nuclear Tes



د.عەلیڕەزا نووری زادە (بۆ گوڵان):

# تیرۆریستان هێشتا دەستیان نەگەیشتۆتە تەکنەلۆژیای ئەتۆمی، فرۆکەی مەدەنی دەتەقێننەوە،خۆ ئەگەر دەستیان بگاتە تەکنەلۆژیای ئەتۆمی بە بێ سڵکردنەوە بەکاری دەهێنن

**د.عەلیڕەزا نووری زادە یەکێکە لە شرۆڤەوانە سیاسییە ناودارەکانی ئێران و ئێستا لە لەندەن دادەنیشێت، تایبەتمەندە لەسەر باری سیاسیی ئێران بەتایبەتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، سەبارەت بە مەترسی بڵاو بوونەوەی چەکی ئەتۆمی لە ناوچەکەو هەڵوێستی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم چەکە ترسناکە، بەڕێزیان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

*** وڵاتانی ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەروبەندی ئەوەدان ببنە گۆڕپانی بڵاوبونەوەی چەکی ناوەکی، بە تایبەتی کە ئەم چەکە لە ئێران و ئیسرائیل و پاکستان و هیندستاندا بوونی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك بڵاوبوونەوەی ئەم چەکە کاریگەری دەبێ لەسەر ڕەوشی ئەمنی و سەقامگیری جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی؟**

- بە دڵنیاییەوە بایەخپێدان و گرنگی پێدانێکی ئاشکرا بەدی دەکرێت لە لایەن ئیدارەی ئۆباماوە بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی و بۆکەمکردنەوەی ئەو چەکە ناوەکیانەی ئێستا لە ئارادان، بۆ نموونە لەم ڕۆژانەی دواییداو لەمیانەی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆك ئۆباما و سەرۆك میدڤیدێڤ بە ڕێژەی لە سەدا ٣٠بڕیار لەسەر کەمکردنەوەی کڵاوە ناوکییەکان درا، ئەمە خۆی لە خۆیدا کەمکردنەوەیەکی گەورە و بەرچاوە. ئەوەی پێوەندی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، ئەوا ئومێدەکە ئەوەیە بتوانین ئەم ناوچەیە بکەین بە ناوچەیەکی داماڵراو لە چەکی ناوەکی، بەڵام لەم ڕووەوە رووبەڕووی ئاستەنگ و دژواری دەبینەوە. بۆ نموونە، هەمیشە ئیسرائیل ئاماژە بەوە دەکات کە دەوڵەتێکی هەڕەشەلێکراوە، هەر چوار لای بە دوژمن تەنراوە، دەوڵەتێکی بچووکە و لە ڕووی جوگرافی و دیموگرافی و سیاسییەوە ئابڵوقەدراوەو هەڕەشە لەسەر بوون و کیانی ئەم دەوڵەتە هەیە،

سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٧٨)
٢٠١٠/٤/٢٦



**ئەگەر هاتوو ئێران موشەکەکانی ئاڕاستەی ئیسرائیل کرد ئەوا ئیسرائیل کاردانەوەی توندتری دەبێت و ڕەنگە چەکی ناوەکیش بەکاربهێنێت**

لەبەر ئەوە ئەمانە دەکاتە پاساو بیانووی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی، هەروەها بەرپرسە ئیسرائیلییەکان بە نهێنی ئەوە دەدرکێنن کە ئەگەر ئیسرائیل خاوەنی ئەم چەکە نەبوایە، کە بە ٢٠٠ کڵاوی ناوەکی ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەوا دەبووە وڵاتێکی تێکشکاو، چونکە دەوڵەتێکی بچووکە و خاکی فەلەستینی داگیرکردووە، وڵاتە عەرەبییەکانیش لە رووی ژمارە و تواناو هێزی سەربازییەوە لە ئیسرائیل زیاترن، بەڵام ئەگەر ئیسرائیل بە پرۆژەی ئاشتی رازی بێت و دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین لە سنووری خاکی ساڵی ١٩٦٧دا دابمەزرێت، ئەوا چیتر بیانووی بەدەستهێنانی ئەم چەکە لە لایەن ئیسرائیلەوە میسداقیەتی نامێنێت. ئەوەی پێوەندی بە پاکستانەوە هەبێت، ئەوا پاکستان هەست دەکات لە لایەن هیندستانەوە هەڕەشەی لەسەرە، چونکە لە پێنج شەڕدا لە ڕابردوودا پاکستان دووچاری دۆڕان هاتووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا چەکی ناوەکی هەیە ئەوا هیندستان لە بری جارێك دووجار بیردەکاتەوە پێش ئەوەی هەڵبستێت بە ئاڕاستەکردنی گورزێکی سەربازی لە دژی پاکستان، هەروەها پاکستان کێشەی کشمیری هەیەو پێشتریش بەنگلادیشی لەدەستدا، لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم چەکەی نەبووایە، ئەوا لە نێوان ئەفغانستان و هیندستان و چیندا دابەش دەبوو. ئەوەی پێوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا من پێم وایە هیچ دەوڵەتێکی دراوسێی ئەم وڵاتە هەڕەشە نییە یاخود

دەوڵەتێکی دوژمنکار نییە بۆ ئێران، ئەمە بۆ هەر ١٥ دەوڵەتە دراوسێکەی ڕاستە، لە عێراقدا دۆستەکانی ئێران حکومڕانێتی دەکەن، لە ئازەربایجان حکوومەتێك هەیە ئیعتیراف بە سنووری نێودەوڵەتییەوە دەکات، ئێران پێوەندی بەهێزە لەگەڵ ئەفغانستاندا، هەروەها وڵاتانی کەنداویش سەرچاوەی هەڕەشە نین، لە هەمان کاتدا ئێران خاوەنی هێزێکی سەربازیی ئەوتۆیە کەتوانای بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی تەقلیدی هەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئێران موشەکەکانی ئاڕاستەی ئیسرائیل کرد ئەوا ئیسرائیل کاردانەوەی توندتری دەبێت و ڕەنگە چەکی ناوەکیش بەکاربهێنێت، لەبەر ئەوە ئێران خوازیارە ئەو کاتە ئەم چەکەی هەبێت، کەواتە بەدەستهێنانی ئەم چەکە لە ئێرانەوە بۆ ئامانجە نەتەوەییەکان نییە، هەروەها ئەگەر هاتوو پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و عەرەب سەرکەوتوو بوو، ئەوا پێویستە ئێرانیش هەمان سیاسەتی وڵاتە عەرەبییەکان بگرێتەبەر و ئەو کاتە هیچ پێویستی بەم چەکە نابێت، لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە پێویستە ئێران داواکارییەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی جێبەجێ بکات و بە پرۆسەی گۆڕینەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراو ڕازی بێت، ئەمە لە بەرژەوەندی ئێران و لە بەرژەوەندی ناوچەکەشدایە.

*** بەڵام هەموو ئەو وڵاتانەی ئەم تەکنەلۆژیایەیان هەیە باس لەوە دەکەن بۆ مەبەستی ئاشتی بەکاری دەهێنن، بیروبۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە ؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پێوەندی بە ئێرانەوە هەبێت من پێم وایە ئێستا ئێران پێویستی بەبەدەستهێنانی متمانە هەیە، کاتی خۆی بەرادعی داوای کرد ئێران بە پێشنیارەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ڕازی بێت و بۆ ماوەی ساڵێك جێبەجێی بکات بۆ ئەوەی متمانە بەدەست بهێنێتەوە. لەبەر ئەوەی ئێران لەم ڕووەوە کێشەی هەیە، چونکە دوای هەڵاتنی چەند زانایەکی ئێرانی، ئێستا ئەمەریکا زانیاری زۆر وردی هەیە لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و لەسەرپرۆژە نهێنییەکانی ئەم وڵاتە، زانیاری ئەوەی هەیە ئێران کار بۆ ئەوە دەکات یۆرانیۆم بۆ ڕێژەی زیاتر لە سەدا ٥٠ بپیتێنێت، ئەمە بە مانای ئەوە دێت ئێران بە نیازی بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکییە. دواتر ئێران بەرنامەیەکی گشتگیری هەیە بۆ بەرهەمهێنانی مووشەکی بالیستی و مووشەکی کیشوەر بڕ، پرسیارەکە ئەویە ئایا ئێران چ پێویستییەکی بەم مووشەکانە هەیە؟ ئایا دەوڵەتێکی زلهێزەو بە نیازی داگیرکردنی ئەمەریکایە؟ دواتر ئێمە دەزانین کە ١٥ ملیۆن بێکار لە ئێراندا هەن، ئێرانییەکان خەریکی فرۆشتنی گورچیلەی خۆیانن لە وڵاتانی کەنداو، ئایا چ پێویست بەوە دەکات ساڵانە ٥ ملیار دۆلار لە بەرنامەی ئەتۆمیدا سەرفبکرێت؟ ئەمە لە کاتێکدا ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و گاز، لەبەر ئەوە بیانووی بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی پاساوی بۆ نییە و هیچ بنەمایەکی نییە. هەروەها ئایا چ پێویست دەکات ئێران هەڵبستێت بە کڕینی دورگەیەك لە فەنزویلا بە ٧٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئەوەی بیکاتە بنکەی ئاراستەکردنی مووشەك بۆ ئەمەریکا، ئەمە لە کاتێکدا ئەمەریکا دەتوانێت لە ماوەی چەند چرکەیەکدا هەموو پەیکەربەندی سەربازی ئێرانی لە ناو ببات. دواتر دەبێت ئێمە کارەساتی وێستگەی چێرنۆبڵمان لەیاد نەچێت لەم ڕووەوە. ئایا چ پێویست دەکات ئێران مووشەك ڕەوانەی لوبنان بکات، ئێمە چ پێوەندییەکمان بەم وڵاتەوە هەیە، با لەبری گۆڕینەوەی مووشەك، دۆستایەتی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا بگۆڕینەوە.

*** گرووپی تیرۆریستییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە دەدەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك بەدەستهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە لە لایەن ئەم گرووپانەوە مەترسییە بۆ سەر مرۆڤایەتی و بۆ سەر تێکڕای جیهان؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکی دیکەیە لە مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم چەکە، بۆ نموونە گریمانەی ئەوە بکەین حزبوڵڵا ئەم چەکە بەدەست بهێنێت، یاخود لەوە خراپتر ڕێکخراوی ئەل قاعیدە، ئەو کاتە تەواوی بەشەرییەت ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، چونکە ئەو کەسانە بێ بوونی ئەم چەکە خۆیان لە فڕۆکە و شەمەندەفەردا دەتەقێننەوە، ئێمە بینیمان ئەم خەڵکانە چەند کەسی بێتاوانیان لە عێراقدا کوشت، ئایا ئەگەر ئەم چەکەیان پێبێت و خۆیان لەگەڵ ئەم چەکەدا لە شارێکی وەك بەغدا، یان ئەنقەرە یان بەیرووتدا بتەقێننەوە چی ڕوودەدات، لەبەر ئەوە کاتێك بیر لەم سیناریۆیانە دەکەیتەوە ترس و لەرز داتدەگرێت.



**ئێران بەهۆی هاوکاری کۆریای باکوورو رووسیای سپی ئەم تەکنەلۆژیایەی ناوەکی بەدەستهێناوە**

*** ئێمە دەزانین لە پێناو ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی گەمارۆی ئابووری بەسەر وڵاتاندا دەسەپێنرێت، هەروەها ئێمە بینیمان لە سەردەمی سەددام حوسێندا بۆ ماوەی ١٣ ساڵ ئەم ئابلۆقەیە بەسەر عێراقدا سەپێنرا، بەڵام تەنیا خەڵکی عێراق باجەکەی دا و هیچ ئەنجامێکی دیکەی لێنەکەوتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پەنابردن بۆ سەپاندنی ئەم گەمارۆیە بەسەر وڵاتاندا هیچ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم چەکە؟**

- زۆر ڕاستە، بەڵکو لەوەش زیاتر ئەم سزایانە ئەنجامی پێچەوانەیان لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەم سزایانە نابنەهۆی لاوازکردن و لەناوبردنی ڕژێمی دەسەڵاتدار، بەڵکو تەنیا خەڵکە ستەملێکراوەکە باجەکەی دەدات، لەبەرئەوە ئێمە لە هەموو کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ بەرپرسە ئەمەریکی و ئەوروپییەکان ڕاسپاردەی ئەوەمان هەیە با ئەم ئابلۆقەو گەمارۆیانە ئاراستەی ڕژێمەکە بگرێت نەک خەڵکەکە، بۆ نموونە دەکرێت لە کاتی داگیرکردنی کویتدا لەلایەن عێراقەوە گەمارۆ لەسەر بەرپرسەکانی ئەو کاتەی عێراق دابنرایە، بۆ نموونە ڕێگری لەسەفەریان بۆ دەرەوەی وڵات بکرایە، ڕەسیدیان لە بانکەکاندا سڕبکرایەو چەندین ڕێوشوێنی دیکە.

*** تەکنەلۆژیای ناوەکی لە دەستی ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشدایە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم وڵاتانە، بۆ نموونە ڕووسیا هەوڵدەدەن ئەم تەکنەلۆژیا مەترسیدارە بگەیەننە وڵاتانی دیکە؟**

- ڕاستە لەسەردەمی هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتدا هەندێ کەلوپەلی ئەتۆمی و هەندێ لە پسپۆڕەکانی ئەم بوارە گەیشتنە چەند وڵاتێکی دیکە، بەڵام پێموایە ڕووسیای ئێستا خوازیاری ئەوە نییە وڵاتێکی دیکە زیاد بێت بۆ ئەو وڵاتانەی خاوەنی چەکی ناوەکین، لەبەر ئەوە لەم ڕووەوە هاو هەڵوێستە لەگەڵ ئەمەریکا و فەرەنسا، هەروەها چینیش هەست بەم مەترسییە دەکات، کەواتە جیهانی ئێستا جیاوازە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ئێستا چاودێرییەکی زیاتر هەیە، بۆ نموونە کۆریای باکوور سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی زۆر باشی هەبوو لەگەڵ ڕووسیا و چین و دەوڵەتە ئیشتراکییەکانی دیکە، بەڵام نزیکەی ٢٠ ساڵی پێچوو هەر لە ساڵی ١٩٨٥ بۆ ٢٠٠٥ – بۆ ئەوەی پەرە بە ئەم تەکنەلۆژیایە بدات، ئێرانیش بەهۆی هاوکاری کۆریای باکوورو ڕووسیای سپی ئەم تەکنەلۆژیایەی ناوەکی بەدەستهێناوە، لە هەمان کاتدا ئەو باجەی وڵاتان دەیدەن لەکاتی شکاندنی هێڵە سوورەکاندا کاریگەری هەبووە لەسەر سستکردنی ڕەوتی بەدەستهێنانی ئەم چەکە، بۆ نموونە ئێستا کۆریا لەگەڵ ئەوەی ئەم چەکەی هەیە، بەڵام گەلەکەی برسییە و وڵاتەکەی دواکەوتووە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەک سیاسەت و هەڵوێست و ڕەفتاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هۆکارێکن بۆ پێداگیری وڵاتانێکی وەک کۆریا و ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی؟**

- من دەمەوێت ئەو ڕاستییەت پێبڵێم کە هەرگیز ئەمەریکا ڕێگەنەدات ئێران ببێتە وڵاتێکی ناوەکی بە چەشنێك بتوانێت چەکی ناوەکی بەرهەمبهێنێت. ئیدارەی ئەمەریکا لەدەستی کۆمارییەکاندا بێت یاخود دیموکراتەکان ئەم مەسەلەیە بە هێڵی سوور دادەنێت و ڕێگانادات ئێران تەجاوزی بکات. ئەمەریکا خەڵکی خۆی هەیە لە دامەزراوە ناوەکییەکانی ئێراندا، هەر ئەمەش هۆکاری جێهێشتنی ئێرانە لە لایەن شەهرام ئەمیری و محەمەد مەعریفی بەرەو ئەمەریکا، ئەمانە لە دیارترین پسپۆڕەکانی ئێران بوون، کەواتە ئەمەریکا زانیاری وردی هەیە لەسەر ئەم چالاکیانەی ئێران و بە تێپەڕبوونی کات ئاشکرایان دەکات، بەڵام ئێستا دەیەوێت ئەو پەیامە بە ئێران بدات کە پێویستە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی خۆیدا بکاتەوەو مەحاڵە ئەمەریکا ڕێگە بدات ئێران ئەم چەکە بەدەست بهێنێت. ئەوەی پەیوەندی بە کۆریای باکوورەوە هەبێت ئەوا ئەم وڵاتە چارەنووسی بەرەو هەرەسهێنانە، ئەمە وڵاتێکی زۆر دواکەوتووە و ئەمەریکاش لەبری ئەوەی گورزی سەربازی ئاراستە بکات ئابلۆقەیەکی خنکێنەری بەسەردا سەپاندووە، لەبەر ئەوە من باوەڕم وایە درەنگ یان زوو خەڵکی ئەم وڵاتە لە دژی ئەو ڕژێمە ڕادەپەڕن و پێشبینی دەکەم هەمان چارەنووسی ئەڵمانیای هەبێت و لە کۆتاییدا هەردوو وڵاتی کۆریا ئاوێتەی یەکتربن، چونکە کۆریای باشوور بەو پێشکەوتن و گەشەکردنەی هەیەتی توانای لەخۆگرتنی کۆریای باکووری دەبێت.

**هەرگیز ئەمەریکا ڕێگەنەدات ئێران ببێتە وڵاتێکی ناوەکی بە چەشنێک بتوانێت چەکی ناوەکی بەرهەمبهێنێت**



هۆمان سەدری بۆ گوڵان:

# مەترسییەکانی چەکی ئەتۆمی ئێستا زۆر لەساڵی 1945 زیاترە، ئێستا بۆمبی ئەتۆمی لە جانتایەکی دبلۆماتیدا جێی دەبێتەوە

**پرۆفیسۆر هۆمان سەدری ئوستادی زانستی سیاسەت و پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکانە لە زانکۆی فلۆریداو پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی لەم ناوچە هەستیارەی جیهان، پرۆفیسۆر سەدری بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

*** ئەمەریکا ڕژێمی عێراقی رووخاند لەبەر ئەوەی خاوەنی چەکی کۆکوژ بوو، بەڵام ئێستا خەریکە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەبێتە شوێنی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، ئایا بڵاوبوونەوەی ئەم چەکە چ مەترسییەك لەسەر ناوچەکە و ئاسایشی جیهان دروست دەکات؟**

- لە راستیدا ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەنی چەکی ناوەکین، پتر بۆ مەبەستی بەرپەرچدانەوە ئەم چەکەیان بەدەستهێناوە و بەرهەمهێناوە، بۆ نموونە پاکستان وەك بەرەپەرچدانەوە سوود لەم چەکە وەردەگرێت لە دژی هیندستان، نەك بۆ ئەوەی دژی ئەفغانستان یان عەرەبستانی سعودییە بەکاری بهێنێت. هەروەها ئێمە دەزانین لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئەم چەکە لە لایەن چینەوە هیندستان هەڵسا بەبەرهەمهێنانی، واتە لە نێوان ئەم وڵاتانە رکابەریەك هەیە و دەبێت لەم چوارچێوەیەدا بۆ بەدەستهێنانی ئەم چەکە بڕوانین لەم وڵاتانەدا. لە لایەکی دیکەوە ئێمە وڵاتێکی دیکەمان هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە هەموو لایەك ئاماژە بەوە دەکەن خاوەنی ئەم چەکەیە، بەڵام ئەو وڵاتە ئەم مەسەلەیە تەئکید ناکاتەوە، هەروەها ڕەتیشی ناکاتەوە، ئەویش ئیسرائیلە، بیانوەکەش ئەوەیە کە ئیسرائیل وڵاتێکی بچووکە و خاوەنی دانیشتووانێکی کەمە و وڵاتەکانی دەوروبەری وڵاتگەلێك نین شایستەی ئەوەبن پشتیان پێببەسترێت، بەڵکو هەندێ جار بە وڵاتگەلێکی دوژمن لێیان دەڕوانرێت، لەبەر ئەوە ئەم چەکە بۆ مەبەستی بەرپەرچدانەوە و ڕەنگە وەك دوایین ڕێگاچارەش ئەگەر هاتوو ناچارکرا بەکاری بهێنێت. ئەوەی پێوەندی بە ئێرانەوە هەبێت ئەوا ئەم وڵاتە بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەرنامە ئەتۆمیەکەی بۆ مەبەستی بەرکاهێنانێتی لە بواری مەدەنیدا، بەڵام هەموو کەسێك گریمانەی ئەوە دەکەن کە نیازی ئێران دروستکردنی بۆمبی ناوەکییە، ئەویش بە



مەبەستی ئەوەی وەك قەڵغانێك لە بەرامبەر ئەمەریکا و ئیسرائیلدا بەکاری بهێنێت، هەرچەندە من باوەڕم وایە ئەمە لە واقیعدا هیچ جیاوازییەك دروست ناکات.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك سیاسەت و هەڵوێست و ڕەفتاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هۆکارێکن بۆ پێداگیری وڵاتانێکی وەك کۆریا و ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی؟**

- من پێم وایە ئێستا کەشێکی باشتر هاتۆتە ئاراوە، بەهۆی ئەو سیاسەتەی ئیدارەی ئۆباما گرتویەتەبەر، چونکە ئەم ئیدارەیە بە پێچەوانەوەی ئیدارەی جۆرج بۆشەوە هەوڵنادات، وڵاتگەلێکی دیاریکراو وەك وڵاتێکی لەیاسا دەرچوو، یا وڵاتی شەڕ یان هەر نازناوێکی دیکە بناسێنێت، ئەمە لە کاتێکدا ئیدارەی بۆش چەندین پێشمەرجی هەبوو بۆ ئەوەی ڕازی بێت بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێراندا، وەك دەستەهەڵگرتنی ئێران لەو گرووپانەی ئەمەریکا بە تیرۆریستی دادەنان و ئێران بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لەقەڵەم دەدان، وەك ڕاگرتنی پرۆسەی پیتاندندنی یۆرانیۆم و دەستهەڵگرتن لە بینینی ڕۆڵێکی تێکدەرانە لە عێراق و لە پرۆسەی ئاشتی عەرەب-ئیسرائیلدا، ئەمەش بیانووی دابووە دەست سەرکردەکانی ئێران کە ڕوبەڕووی فشار و پیلان بوونەتەوە، بەڵام بە هاتنی ئیدارەی ئۆباما ئەمەریکا هەڵوێستێکی نوێ گرتەبەر و ڕایگەیاند ئامادەیە لە هەر کاتێك و لە هەر شوێنێکدا گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەکانی ئێراندا بکات، بێ ئەوەی هیچ پێشمەرجێك دابنێت لەم ڕووەوە، ئەم دۆخە درێژەی کێشا، نزیکەی ٦ مانگی خایاند- بێ ئەوەی ئێران هیچ وەڵامێك بداتەوە، دواتر هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان لە ئێران ڕوویاندا و ئەو ناڕەزاییەتیانەی لێکەوتەوە کە بینیمان و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی تەرکیز لەسەر ئەم کێشەیە ناوخۆییە بکرێتەوە و دواتر پێوەندی نێوان ئەم کێشە ناوخۆییە لەگەڵ کێشە دەرەکیەکاندا بووە جێی بایەخپێدانن. کەواتە لەم ڕووەوە ئیدارەی ئۆباما هەڵوێست و ڕەفتارێکی عەقڵانیتری گرتۆتەبەر لەگەڵ ئێراندا.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك بەدەستهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە لە لایەن گرووپە تیرۆرسیتیەکانەوە، مەترسییە بۆ سەر مرۆڤایەتی و بۆ سەر تێکڕای جیهان؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە مەترسی و نیگەرانییە بۆ هەموو لایەك. بەتایبەتی لەم سەردەمەدا دەتوانرێت بۆمبێکی ئەتۆمی بە قەبارەیەکی زۆر بچووك دروست بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٤٥، ئەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دژی هیرۆشیما و ناکازاکی بەکاری هێنا بە زەحمەت توانرا ئەو بۆمبە لە فڕۆکەکەدا جێی بکرێتەوە، بەڵام ئێستا ئیمکانی ئەوەیە لە شێوەی جانتایەکی دەستیدا دروست بکرێت و کاریگەرییەکەی بۆ مەسافەیەکی دوور درێژبێتەوە. هەروەها ئەوەش ڕاستە کە گرووپە تیرۆریستیەکان کار و کۆشش بۆ بەدەستهێنانی دەکەن، بەڵام ئومێدەکە ئەوەیە سەرکەوتو نەبن

لەم هەوڵانەیاندا.

*** كە بڵاو بوونەوەی چەكی ئەتۆمی ئەم مەترسیە لەسەر ئاسایشی جیهانی و مرۆڤایەتی دروست بكات، بۆچی دەوڵەتانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی لەسەر ڕێگرتن لەسەر ئەم چەكە یەك دەنگ نین؟ئایا هەندێك لە دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش وەك ڕووسیا خۆیان ئەم تەكنەلۆژیایە نافرۆشن؟**

- ئەمە مەسەلەیە بۆ فرۆشتنی جۆرەكانی دیكەی چەكیش ڕاستە، مەبەستم ئەوەیە ئەم وڵاتانە لە جیهاندا گەورەترین وڵاتی فرۆشیاری چەكن، لەبەر ئەم پرسە تەنیا پەیوەست نییە بە بواری ناوەكییەوە. دواتر ئێمە دەزانین كە مەسەلەی تەكنەلۆجیای ناوەكی دوو لایەنی هەیە، لایەنی تێكدەر و وێرانكار، لەگەڵ لایەنی بەكارهێنانی ئەم تەكنەلۆژیایە بۆ مەبەستە مەدەنیەكان، بۆ نموونە فەرەنسا لە سەدا ٢٠ی وزەی كارەبای وڵاتەكە لە وێستگە ناوەكیەكانەوە بەرهەم دەهێنێت، لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا ئەم ڕێژەیە لە سەدا ٥ بۆ ٧، هەروەها لە ڕووسیاش بە ڕێژەیەكی بەرچاو وزەی كارەبا لەم وێستگانەوە بەرهەم دەهێنرێت. لەبەرئەوە ئێمە نازانین نیاز و مەبەستی ڕاستەقینەی وڵاتان چییە لە هەوڵدانیان بۆ بەدەستهێنانی ئەم تەكنەلۆژیایە، تەنیا ئەو كاتە نەبێت بە دەستی دەهێنن، ئایا بۆ مەبەستی مەدەنییە، یاخود بۆ مەبەستی دروستكردنی چەكە.

*** بەڵام ڕێككەوتنامەیەك هەیە لە بارەی ڕێگرتن لە بڵابوونەوەی چەكی ناوەكی و چەندین وڵاتیش ئەم ڕێككەوتنامەیەیان مۆركردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەردەوام بڵاوبوونەوەی ئەم چەكە بەدی دەكەین، پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی وڵاتان هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم چەكە دەدەن و كار بۆ پەرەپێدانی ئەم پیشەسازیە دەكەن؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد هۆكاری سەرەكی بەدەستهێنانی ئەم چەكە بە ئامانجی سوودلێوەرگرتنێتی وەك قەڵغانێك لە بەرامبەر ڕكابەرەكانیاندا، بۆ نموونە دوای ئەوەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ئەم چەكەی بەرهەمهێنا، یەكێتی سۆڤیەتیش بەدەستیهێنا، دوای ئەوەی یەكێتی سۆڤیەت بووە خاوەنی ئەم چەكە هیندستانیش بەدەستی هێنا، دوای ئەوەی هیندستان ئەم چەكەی بەرهەم هێنا، پاكستانیش ئەم چەكەی دروست كرد. كەواتە دەبێت لە چوارچێوەی ململانێ و ڕكابەری نێوان ئەم وڵاتانەدا لەم مەسەلەیە بڕوانین. لە لایەكی دیكەوە هەندێ وڵات بۆ باشتركردن و بەهێزكردنی پێگەی خۆیان هەوڵی بەرهەمهێنانی دەدەن، چونكە وەك دەوڵەتێكی ناوەكی ئاماژەیان پێدەكرێت و ئەمەش هەیبەت و پێگەیەكی دیكەیان پێدەدات.

*** ئایا پەنابردن بۆ سەپاندنی ئەم گەمارۆیە بەسەر وڵاتاندا هیچ كاریگەریەكی دەبێت لەسەر ڕێگرتن لە بڵابوونەوەی ئەم چەكە؟**

- لە ڕاستیدا مەسەلەی سەپاندنی سزا بەسەر وڵاتاندا یەكێكە لەو ئامرازانەی كە جێی بایەخپێدانن لە سیاسەت و لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا، كەهەندێ جار سەركەوتن بەدەست دەهێنن و هەندێ جاریش ئەنجامی خوازراویان لێناكەوێتەوە. ئەو كاتانەی سەركەوتوو دەبن لەهێنانەدی ئامانجەكانیان دەبێت هاوشان بێت بە چەند مەرجێك، بۆ نموونە دەبێت بۆ مەودایەكی كورت نەبێت، بەڵكو بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ بێت، بۆ نموونە ئەو كاتەی سزا بەسەر ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئەفریقیای باشووردا سەپێنرا، بۆ ماوەی چەند دەیەیەك ئەم ڕژێمە خۆڕاگری كرد، بەڵام دواتر وردە وردە چۆكی دادا، هەروەها دەبێت هاوكاری و هەماهەنگی هەبێت لە نێوان تێكڕای وڵاتاندا بۆ جێبەجێكردنی ئەم سزایە. كەواتە مەسەلەی سەركەوتنی سیاسەتی سەپاندنی سزا پەیوەستە بە چەند مەرجێكەوە بۆ ئەوەی ئەنجامی خوازراوی لێبكەوێتەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هەمیشە خوازیاری ئەوەم كە دەرفەت بدرێت بەو وڵاتانەی بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ئامانجیان لەبەدەستهێنانی ئەم چەكە بەكارهێنانێتی بۆ بوارە مەدەنییەكان، بۆ ئەوەی ڕاستی ئەم مەسەلەیە بسەلمێنن، هەرچەندە لەبەرچاوگرتنی سروشتی مرۆڤەكان ڕەنگە ئەمە سادەكردنەوەی مەسەلەكان بێت. هەروەها ئەوەی جێی سەرنج بوو لەم ڕۆژانەی دواییدا كۆبوونەوەی نێوان هەردوو سەرۆكی ئەمەریكا و ڕووسیا و ڕێككەوتنیان بوو لەسەر كەمكردنەوەی ئەم چەكە، چونكە تاوەكو ڕێژەی ئەم چەكە كەمتر بێت ئەوا دۆخێكی باشتر بۆ مرۆڤایەتی دێتەئاراوە.




**خوازیاری ئەوەم كە دەرفەت بدرێت بەو وڵاتانەی بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ئامانجیان لەبەدەستهێنانی ئەم چەكە بەكارهێنانێتی بۆ بوارە مەدەنییەكان**

# نوێکردنەوەی ئاینیی، نوێکردنەوەی مرۆڤی دەوێت لەپێشدا



عەبدولڕەحمان سدیق

زۆرجارمرۆڤ ئەم پرسیارە گرنگ و پڕ بایەخە لەخۆی دەکات : کە خودی ئایین بۆ گشت زەمان و شوێنەکان بێتولەلایەن خوای گەورەوە هاتبێت، ئایا ئایین کۆن دەبێت تا پێویست بەنوێبونەوە بکات ؟! یان ئەوە تێگەیشتنی ئێمەیە بۆ ئایین کۆن بووە یان هەر لە کۆنەوە و بەکۆنی وەرمان گرتووە و پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە؟!

گرفتی هەرە گەورەی ئێمە ئەوەیە کە قسە کۆنەکانی نوێکارێك بە نوێ دەزانین کە بۆ سەردەمی خۆی نوێ بووە نەك بۆ ئێستا،ئێمە ئەمڕۆ قسەی ئەمڕۆمان بۆ ئەمڕۆ پێویستە،نەك قسەی دوێنێ بۆ ئەمڕۆ،نەك قسەی ئەمڕۆش بۆ نەوەی داهاتوو.

دەقەکانی قورئان و فەرموودە لەوێدا گەورەن کە لەگەڵ گۆڕانی سێ کوچکەی: مرۆڤ، کات، شوێن، مانای گۆڕاوو جیاواز بە دەستەوە دەدەن.

نوێکردنەوە لە راستیدا نوێبوونەوەنییە، چونکە نوێبوونەوە وەك لە سروشتدا دەیبینین دەستی ئێمەو کاری ئێمەی پێویست نییە،بەڵام نوێکردنەوە نوێکارییەك یان زیاتری پێویستە و، پڕۆسەیەکی مرۆییەو هزرو بیرکردنەوەی نوێی دەوێت.

نوێکردنەوە ئەگەر لە شکڵدا بێت یان ناوەڕۆك، لە دووبارە دانانەوەی بڕگەکانی تێگەیشتنبێت یان لادانی هەندێك شت یان خستنە سەر بێت،یان هەموو ئەمانە پێکەوە، گرنگ تیایدا ئەوەیە کەتەنیا دروشم نەبن بەڵکو توانای گۆڕان بۆ پڕۆژەیان تێدابێت

ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە نوێکردنەوە داهێنانی قەوارەیەکی نوێ نییە بخرێتە جێگەی کۆنەکە،چونکە ئەگەر ئاوا کرا،گۆڕینە نەك گۆڕان.

لێرەوە گرفتێکی دی هەیە کە دەبێتە هۆی دژایەتی نوێکردنەوە، ئەمەش ئەوەیە کە گۆڕین لە بەرگی گۆڕاندا نیشان دەدرێت و ئەوەش جێگەی پەسەندکردن نییە لە مەسەلە ئایینیەکاندا.

چونکە نوێکردنەوە مەبەستی گۆڕانە لە تێگەیشتنمان بۆ ئایین نەك گۆڕینی خودی ئایینەکە.

نوێکردنەوەی تێگەیشتن لە دەقە ئایینیەکان پڕۆسەیەکی بەردەوامە و نابێت بوەستێت، چونکە هەر نوێیەك هەتا کەی نوێیە؟ کێ بڕیاردەدات هەتا کەی نوێیە؟ ئەگەر نوێیە ئایا ڕاستیشە؟ چونکە هەندێك شت نوێن بەڵام ڕاست نین، هەندێك ڕاستیش کۆنن.

لێرەدا گرنگە، نوێ، هەر نوێیەك تا ئەو ڕادەیە پیرۆز نەکرێت کە تا هەتایە بە نوێ بزانرێت و دەستی لێ نەدرێت .

هەروەها نوێکاریش هەر کەسێك بێت مادام مرۆڤە، پیرۆز ناکرێت وەك پیرۆزی دەقە نەگۆڕەکان.

لێرەشدا گرنگە ئەوە بزانین کە نوێکردنەوە کاری تەنیا کەسێك یان گرووپێك یان قوتابخانەیەکی دیاریکراونییە، هەروەها لە تەنیا

شوێنێکدا و لە تەنیا زەمانێکدا ناکرێت.

زۆریش گرینگە بزانین ئەوەی بزاڤە ئیسلامییەکان لەم بوارەدا دەیکەن ئەوەندەی بووژاندنەوەی ئایینیە هێندە نوێکردنەوەی ئایینی نییە، چونکە زۆربەی بزاڤە ئیسلامیەکان کە پڕۆژەی بووژانەوە دەخەنە ڕوو، بە پێچەوانەکەیدا دیارە کە مردنێك هەبووە لە قۆناغێکدا و بووژانەوە و ژیاندنەوەی پێویستە.

کە دەڵێن ڕابوونی ئیسلامی مانای وایە لە قۆناغی پێشوودا نووستن هەبووە .

بۆیە کار و پڕۆژەی بزاڤە ئیسلامیەکان زیاتر بووژانەوە وڕابوونە نەك نوێکردنەوە، چونکە نوێکردنەوە مانای ئەوەیە لە قۆناغی پێشوودا تێگەشتنەکەیان کۆن بوون ونوێکردنەوەیان پێویستە .

ئیسلامییەکان بە بووژانەوەو رابوون زیاتر لە خەمی پاراستنی قەوارەی دەرەوەی ئایینن،

نەك ناوەوەی، ڕێك وەك ئەو کەسەی کە هەوڵی بۆ پاراستنی خانووەکەیەتی لە هێرشی پەلاماردەران زیاتر لەوەی دوای پاراستن لە خەمی پێداویستیەکانی ناوماڵەکەی بێت بە جۆرێك کە شایەنی ژیانی ئەمڕۆی بێت و،کە جێگەی حەوانەوەو ژیانێکی شایستە بێت.

زۆرێك لە ئیسلامییەکان لە مێژوودا دەژین و، ئەوەی تێگەیشتن و کاری نەوەکانی ڕابردوو بووە، کە زۆریشیان لەململانێی سیاسیەوە بەرهەم هاتوون، ئەمان دێن وەکو بەشێك لە ئایین تەماشای دەکەن .

لە رووی سایکۆلۆژیەوە مرۆڤ لە کاتی بەهێزدا گۆڕان ئەنجام دەدات و لە گۆڕان ناترسێت، لە سەردەمی ئاشتی و بە هێزیدا دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکەشی دەکاتەوە، کەچی ئەوە سەردەمی شەڕ و شۆڕ ترسنۆکی و لاواز بوونی مرۆڤە کە دەرگاو پەنجەرەکانی دادەخات و نایەوێت گۆڕان ئەنجام بدات .

لەلای ئەو ئیسلامیيانەی کە هەست بە هێزی خودی ئیسلام دەکەن و لایان وایە ئیسلام هێزی خۆی وا لە هێزی دەقەکانیدایە، نوێکردنەوە ئاسانترە هەتا لای ئەوانەی هەمیشە وا ئەزانن ئیسلام لە لاوازیدایە و لەبەردەم هەڕەشەدایە . بەدی دەکەین

لێرەوە ئێمە دوو گرفتیتر لە بواری نوێکردنەوەدا یەکەمیان لە خودی مرۆڤدا کەپێویستە بە ئەرکی نوێکردنەوە هەستێت و، پێداویستیەکانی نوێکردنەوە ئامادە بکات چونکە لە ڕاستیدا نوێکردنەوە لە هەر شتێکدا، نوێکردنەوەی خودی مرۆڤی پێویستە، چونکە ناکرێت مرۆڤی کۆنخواز ئەرکی نوێکردنەوە لە ئەستۆ بگرێت.

لێرەوە ئێمە ئەوەندەی باس لەنوێکردنەوەی ئایین دەکەین یان تێگەیشتن لەئایین دەکەین، یان لە سیاسەت یان لە ئابووری ئەوەندە بیر لە نوێکردنەوەی مرۆڤ ناکەین چونکە لە ڕاستیدا گرنگە بپرسین کامیان لەپێش ئەوی دی دایە : نوێکردنەوەی شتەکان یان نوێکردنەوەی مرۆڤ ؟

گرفتی یەکەم ئەوەیە کە مرۆڤی لە کۆن گەیشتوو، نایەوێت تێگەیشتنەکانی نوێ بکاتەوە بە بیانووی ئەوەی تێگەیشتن لە ئایین یەکسان بە خودی ئایینەکە خۆی، کە ئەمەش وانییە.

نوێکردنەوەی ئایینی بە مرۆڤی کۆن خواز وەك دروستکردنی خانووی نوێیە بە خشتی کۆن، کە دەتوانیت لە روو کەشدا بە ماددەی نوێ دایپۆشیت بەڵام لە ژوورەوەو لە ناواخندا هەر کۆنە .

گرفتی دووەمیش ئاراستەی نوێکردنەوەیە، بەمانای ئەوەی ئایا ئێمە بە ئاراستەی ئاسۆیی بەرەو پێش نوێکردنەوە ئەنجام دەدەین یان بەرەو دوا؟

بە ئاڕاستەی ستوونی بەرەو ژوور یان بەرەو خوار ؟

یان بە شێوازی بازنەیی و خوولانەوەی بەردەوام ؟

زانینی ئەم ئاڕاستانە زۆر گرنگن بۆ ئێمە کە لە ڕاستیدا مرۆڤە ئاینپەروەرەکان بەسەر ئەم ئاراستانەدا دابەش بوون و کار دەکەن دەشێت نوێکردنەوە بە ئاراستەی ئاسۆیی بەرەو پێش بێت وەك ئەوەی ڕووناکبیرە ئایینیەکان دەیکەن لە بواری ژیانسازیی و ژیان خۆشکردندا .

دەشێت ناوی نوێکردنەوە بێت و بە ئاراستەی گەڕانەوە بێت بۆ سەردەم پێشووەکان، خەڵکانی ئێستا حەز بکەن بچنەوە رابردوو .

دەشێت بە ئاڕاستەی بازنەیی بێت و هیچ پێشکەوتن و پاشکەوتنی تێدا نەبێت بەڵکو خوولانەوەی بەردەوام بێت بە جۆرێك کە نازانرێت ئاڕاستەی جووڵە بۆ پێشەوەیە یان بۆ دواوەیە .

ئاراستەی بزاڤە ئیسلامییەکان زۆربەی کات و لە زۆربەی شوێندا لەم جۆرەی دواییانە و بەردەوام لە خوولانەوەدایەو بەسەر شتەکانی خۆیدا دێت و دەچێت و دەیانهاڕێت و ئەوەی ئەمڕۆ پێی وایە قسەی لەسەر کردو چارەسەری کرد، ماوەیەکی دیکەش دێتەوە سەر هەمان باس وەك ئەوەی هەر باس نەکرابێت بۆیە بەردەوام قەیرانەکانی سەر هەڵدەدەنەوە و چەندبارە دەبنەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە چارەسەرە پێشووەکان ڕووکەش بوونە و مەنهەجی نەبوون .

لێرەوە گەڕانەوە بۆ تێگەیشتن لە خودی نوێکردنەوەو سروشتی نوێکارو، ئاراستەکانی نوێکردنەوە، یارمەتیدەرێکی گرنگن بۆ نوێکردنەوەیەك کە وەڵامی پرسیارەکانی ئەمڕۆ بداتەوەو مرۆڤ لە ئەمڕۆدا قبوولأ بکات و، نە بۆ ڕابردووی بەرێتەوە، نەبەڵێنی داهاتوویەکی پێبدات کە زۆر درەنگ دێت یان هەر نایەت...